Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کاریگەریی هەڵکەوتەی جوگرافیی لەسەر گەشەکردنی بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی، ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی چیاکان و جەزیرە لەسەدەی (٣-٦ك/٩-١٢ز) بەنموونە

**پ.ی.د.رسول ابراهیم رسول**

**بەشی مێژوو ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی راپەڕین**

Rasul.ibrahim@our.edu.krd

**شەماڵ محمد وسمان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی راپەڕین**

shamalmohammed198@gmail.com

**پوختە:**

هەڵکەوتەی جوگرافی بەتەواوی دیاردە سرووشتییەکان ییەوە (خاك، بەرزیی و نزمیی، رووەکی سرووشتیی، ئاووهەوا) یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەریی لەسەر تەواوی لایەنی شارستانێتیی مرۆڤایەتیی هەیە، یەکێکیش لەو لایەنانە، بزاڤی زانستیی و رۆشنبیرییە، هەڵکەوتەی جوگرافیی و دیاردە سرووشتییەکان ی ناوچە کوردنشینەکانیش لە سەدەکانی (٣-٦ك/٩-١٢ز)، کاریگەریی لەسەر بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی ناوچەکە هەبووە، بەتایبەت لە هەردوو هەرێمی کوردنشینی چیاکان و جەزیرەدا، توێژینەوەکە لە رێگەی میتۆدی وەسفی و شیکارییەوە ئەیەوێت وەڵامی پرسیارگەلێك بداتەوە، لەنموونەی ئایە هەڵکەوتەی جوگرافی چی کاریگەرییەکی لەسەر بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی هەیە؟ تا چ رادەیەك بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی ناوچە کوردنشینەکانی چیاکان و جەزیرە لە سەدەکانی (٣-٦ك/٩-١٢ز) کەوتووەتە ژێر کاریگەریی هەڵکەوتەی جوگرافیا و دیاردە سرووشتییەکانی وەکو ئاووهەوا و خاك و بەرزی و نزمی و رووەکی سرووشتییەوە؟ ئەبینین هەڵکەوتەی جوگرافی کاریگەریی لەسەر درووستبوونی چەندین شارستانییەتی هەبووە، لە نموونەی شارستانییەتی دۆڵی نیل و سۆمەر و بابل، هەروەها کاریگەریی لەسەر ئاکار و جەستە و بیرکردنەوە و سیاسەت و تەمبەڵی و زیرەکی و ئایین و هونەری مرۆڤەکانیش هەبووە، هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچە کوردنشینەکان لەو ماوەیەدا، پردی بەیەك گەیاندنی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئیسلامیی بووە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی لایەنی شارستانیی و بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی ناوچەکە هەبووە، بوونی هەندێك جۆری رووەکی سرووشتیی لە ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی چیاکان و جەزیرە، کاریگەریی لەسەر لایەنی زانستی پزیشکیی دەرمانسازیی هەبووە و وەکوو چارەسەری بەشێك لە نەخۆشییەکان سوودیان لێ بینراوە، ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین کانیاوی کانزایی و گەراو، کە بۆ هەمان بوار سوودیان لێ بینراوە، هەر بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە چەندین شاری زیندوو لە رووی زانستیی و رۆشنبیریی لەم ناوچانە هەڵکەوتوون، کە لەم شارانەدانە ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی زانستیی و رۆشنبیریی بنیادنراون و ژمارەیەکی زۆر زانا لە بواری زانستی جیا جیادا تیایاندا خزمەتی بزاڤی زانستیی و رۆشنبیرییان کردووە.

**کلیلە وشەکان: ناوچەی کوردنشین، جوگرافیا، ئاووهەوا، بزاڤی زانستیی، رۆشنبیریی.**

Recieved: 18/4/2024
Accepted: 19/6/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

پەیوەنـدی نـاوان جوگرافیـا و مـرۆڤ دیرۆکێـکی دێرینـە، بەجۆرێـك ئەسـتەمە لـە یەکتریـی جیابکرێنـەوە، کار و کاردانەوەیـان بەسـەر یەکتریـی هەبـووە، هەندێکجـار بـە ئەرێنیـی و هەندێکجاریـش رۆڵـی نەرێنیـان بەسـەر یەکتریـی بینیـوە، بەتایبـەت مـرۆڤ بـە درێژایـی مێـژوو زۆرجـار کاریگەریـی و رۆڵـی لـە گۆڕانـکاری ژینگەیـی و سرووشـتی شـوێنە جوگرافییەکانـدا هەبـووە، لەهەمـان کاتـدا مـرۆڤ خۆیشـی لـە کەوتنـە ژێـر کاریگەریـی جوگرافیـا بـە گشـت ڕەهەندەکانییـەوە پارێـزراو نەبـووە، نەخاسـمە زۆرجـار جوگرافیـا نەخـشی ژیـانی کۆمەڵایەتیـی و ئابووریـی و شارسـتانیی کۆمەڵـگە جیـاوازەکانی کـردووە، لـەو ناوەنـدەدا ئـەوەی جێگـەی مەبەسـتە قسـەی لەسـەر بکرێـت، کاریگەریـی رەهەنـدی جوگرافیایـە لەسـەر لایەنێـکی گرنگـی ژیـانی شارسـتانی و رۆشـنبیریی ناوچـە کوردنشـینەکان لـە قۆناغێـکی دیاریکـراوی مێـژوودا، کـە تایبەتـە بـە سـەدەکانی (٤- ٦ك/ ١٠-١٢ز)، کـە قۆناغێـکی گرنگـی مێـژووی کـوردە، دیـارە بەپێـی سـەردەم و قۆناغـەکان رەهەنـدی جوگـرافی کاریگەریـی و رۆڵـی خـۆی دیاریکـردووە، بـەڵام بـە نموونەوەرگرتنـی ئـەو ماوەیـە، سـەرباری هۆکارگـەلی تـر، دەرخسـتنی کاریگـەری ئـەم ڕەهەندەیـە بەتایبـەت.

هـۆکاری هەڵبـژاردنی ئـەم بابەتـەش بـۆ توێژینـەوە، لـە راسـتییدا خسـتنە رووی کاریگەریـی رۆڵـی جوگرافیایـە لەسـەر گەشـەکردنی بزاڤـی زانسـتیی و رۆشـنبیریی بـە گشـتیی و وەرگرتنـی بەشـێك لـە ناوچـە کوردنشـینەکانە وەکـو نموونـە، سـەرباری باسـکردنی ئـەم بابەتـە لـە چوارچێـوەی توێژینـەوە و ژێـدەری تـردا، بـەڵام بەتایبـەت نەبۆتـە بابـەتی لێکۆڵینـەوە و قسـە لەسـەرکردن.

ئـەوەی تایبەتیشـە بـە گرنگیـی توێژینەوەکـە مـادام جوگرافیـا هـەر لەکۆنـەوە کاریگەریـی لەسـەر مـرۆڤ و مێژووەکـەی هەبوویێـت و تـا ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت بەشـێوازی جۆراجـۆر ئـەم کاریگەرییـە بـەردەوام بێـت، لەبەرئـەوە هەڵئەگرێـت توێژینـەوەی زانسـتیی لەسـەر خسـتنەرووی کاریگەریـی جوگرافیـا لەسـەر مـرۆڤ بـە ڕەهەنـدە جیاوازییەکانیـەوە بکرێـت، بەتایبەتیـش لەسـەر لایەنـی شارسـتانیی، هەربۆیەشـە ئـەم توێژینەوەیـە بـۆ دەرخسـتنی کاریگەریـی جوگرافیـا لەسـەر یەکێـك لـە لایەنـە گرنگەکانـی ئـەم بـوارە تەرخانکـراوە، کـە ئەویـش بـواری زانسـتیی رۆشـنبیریی، بـەو پێودانگـەی ناوچـە کوردنشـینەکانی هەرێمـی (چیـاکان و جزیرە)کـە بەنموونـە وەرگـیراون، لـە رووی پێگـە و هەڵکەوتـەی جوگرافییـەوە ناوچـەی گرنـگ بـوون، چەنـدان شـار و شـارۆچکە و ئاوایـان تێـدا هەڵکەوتـووە، کـە بایەخـی شارسـتانیی و جڤـاکی زۆریـان لـەو قۆناغـەدا بینیـوە، دیـارە لەبـەر درێژنەبوونـەوەی بابەتەکـە، تەنهـا باسـکردنی ئـەم دوو هەرێمـە کوردنشـینە لـە سـەدەکانی (٣- ٦ك/ ٩-١٢ز) بـە نموونـە وەرگـیراون.

ئامانجـی توێژینەوەکـەش سـەرباری دەرخسـتنی کاریگەریـی جوگرافیـا لەسـەر ژیـانی جڤـاکی بەتایبەتیـش گەشـەکردنی بزاڤـی زانسـتیی و رۆشـنبیریی، دەرخسـتنی چەنـد نموونەیـەکی مێژووییـە بـۆ سـەلماندنی راسـتیی و درووسـتی بابەتەکـە و روونکردنـەوەی کاریگەریـی ئـەم ڕەهەنـدە لەسـەر ناوچـە کوردنشـینەکانیش وەك هـەر ناوچەیـەکی تـری سـنوری خیلافـەتی عەبباسـیی لـەو قۆناغـەدا، سـەرباری پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکی مەعریفـی لەنـاو مێـژووی کـوردا، ئەگەرچـی لەنـاو توێژینـەوەی تـر بـە کورتیـی ئـەم بابەتـە قسـەی لەسـەر کـراوە، بـەڵام بەتایبـەت نەبۆتـە بابـەتی توێژینەوەیـەکی تایبـەت و کاریگـەر و ڕەهەنـدە جۆربەجـۆرەکانی شـەن و کـەو نەکـراون، هەربۆیـە هەڵئەگرێـت بەتایبـەت لەمبارەیـەوە توێژینـەوەی تایبەتـی لەسـەر بنوسرێـت، کەئەمـەش هۆکارێـکی سـەرەکیی هەڵبـژاردنی ناونیشـانەکەیە بـۆ توێژینەوەکـە.

میتـۆدی توێژینەوەکـە: هەمـوو توێژەرێـك لـە توێژینەوەکەیـدا بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە دیاریکراوەکانـی، ناچـارە پەنـا بـۆ میتۆدێکـی توێژینـەوە یـان زیاتـر لـە میتۆدێـك ببـات، لـەم توێژینەوەیەشـدا، سـەرەڕای بەکارهێنانـی میتـۆدی وەسـفیی

و گێڕانـەوە، میتـۆدی شـیکاریش بەکارهێـنراوە.

ئـەوەی پەیوەنـدی بـە پـرسی توێژینەوەکەشـەوە هەیـە، بـە پشتبەسـتن بـە سـەرچاوە رەسـەنەکان و ژێـدەری تایبەتمەنـد وەڵامـی چەنـد پرسـێکی تایبـەت دراوەتـەوە، لەوانـە ئایـە هەڵکەوتـەی جوگرافیـی چ کاریگەرییەکـی لەسـەر بزاڤـی زانسـتیی و رۆشـنبیریی هەیـە؟ تـا چ رادەیـەك بزاڤـی زانسـتیی و رۆشـنبیریی ناوچـە کوردنشـینەکانی چیـاکان و جەزیـرە لـە سـەدەکانی (٣-٦ك/٩-١٢ز) کەوتووەتـە ژێـر کاریگەریـی هەڵکەوتـەی جوگرافیـا و دیـاردە سرووشـتییەکانی وەکـو ئاووهـەوا و خـاك و بەرزیـی و نزمیـی و رووەکـی سرووشـتییەوە؟ تاچەنـد رەهەنـدی جوگرافیـی کاریگەریـی لەسـەر ژیـانی مـرۆڤ دائەنێـت؟ ئەمانـە و چەنـد پرسـێکی تـر گفتوگۆیـان لەبـارەوە کـراوە.

پێکهاتـەی توێژینەوەکـە: توێژینەوەکـە پێکدێـت لـەم پێشـەکییە و دوو تـەوەرەی سـەرەکیی و ئەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکان، لەتـەوەرەی یەکەمـدا، کـە بـۆ کاریگەریـی جوگرافیـا و دیـاردە سرووشـتییەکان لەسـەر لایەنـی شارسـتانیی و بزاڤـی زانسـتیی و رۆشـنبیریی تەرخانکـراوە، بـە پشـت بەسـتن بـە بۆچوونـی بەشـێك لـە جوگرافینـاس و توێژەرانـی بـواری فەلسـەفەی مێـژوو، سـەرەڕای پێناسـەکردنی جوگرافیـا، تیشـکخراوەتە سـەر کاریگـەری هەڵکەوتـەی جوگرافیـی و شـوێن و ئاووهـەوا و دیـاردە سرووشـتییەکان ی تـر لەسـەر بزاڤـی زانسـتیی و رۆشـنبیریی، تـەوەرەی دووەمـی توێژینەوەکـەش، بـۆ کاریگەریـی جوگرافیـا و دیـاردە سرووشـتییەکانی تـر لەسـەر بزاڤـی زانسـتیی و رۆشـنبیریی ناوچـە کوردنشـینەکان (هەرێمـی چیـاکان و جەزیـرە) بـە نموونـە تەرخانکـراوە، پاشـان پوختـەی ئەنجامـەکان خراونەتـە روو.

شـیکردنەوەی بەشـێك لەسـەرچاوە و ژێدەرەکانـی توێژینەوەکـە: هەرچەنـدە لەبـەر درێژنەبوونـەوەی توێژینەوەکـە و پابەندبـوون بـە سـتایلی نوسـینی گۆڤارەکـە و دووبارەنەکردنـەوەی شـێوازە گشـتییەکەی توێژینـەوەکان، زۆر بەپێویسـت نەزانـراوە زانیارـت لەسـەر سـەرچاوەکان و ژێـدەرەکان بدرێـت، بـەڵام هەرچۆنێـك بێـت بـۆ نووسـینی ئـەم توێژینەوەیـە، پشـت بـە سـەرچاوەی جۆراوجـۆر بەسـتراوە، هـەر لـە سـەرچاوەی جوگرافییناسـان و شـارەزایانی ئـەو بـوارەوە بگـرە تـا ئـەگات بـە سـەرچاوەکانی پەیوەسـت بەبـواری فەلسـەفەی مێـژوو و چەندیـن سـەرچاوەی تـری مێژوویـی و ژێـدەری زانسـتی، لـە نموونـەی ئەوانـە بەتایبـەت بـۆ باسـکردنی هەڵکەوتـەی جوگرافیـی ناوچـە کوردنشـینەکان و شـار و شـارۆچکەکان و ئاووهـەوای ناوچـەکان، سـوود لـە بەشـێك لـە سـەرچاوەی گەڕیـدە و وڵاتناسـانی موسـڵمان وەرگـیراوە، لـە نموونـەی (صـورة الارض)ی(ابـن حوقـل، م.٣٦٧ك/٩٧٧ز) کـە خـۆی گەشـتی زۆرێـك لـە ناوچـەکانی کـردووە و زانیاریـی گرنگـی لەسـەر شـوێن و رەوشی ئاووهـەوای ناوچەکـە خسـتۆتەروو، (أحسـن التقاسـیم فـی معرفـة الأقالیـم)ی (المقـدسي، م.لـە ٣٨٧ ك/ ٩٩٧ز)یـش یەکێـکی تـرە لـەو سـەرچاوانەی سـوودی بـۆ توێژینەوەکـە هەبـووە، کـە لـە پەرتوکەکەیـدا باسـی جوگرافیـای زۆربـەی ناوچەکانـی وڵاتانـی ئیسـلامی کـردووە، لـە نزیکـەوە سـەردانی زۆر ناوچـەی کـردووە و بینیونـی، لـە پەرتوکەکەشـیدا زانیاریـی لەسـەر چەندیـن شـار و شـارۆچکەی کوردنشـین خسـتوەتە روو، ئـەوە جگـە لـە سـەرچاوەکانی مێـژووی گشـتی و سـەرچاوەی تـری تایبەتمەنـد، سـەرباری ئەمانـە بـۆ لێکدانـەوەی شرۆڤـەی بەشـێك لـە لایـەن و رەهەنـدە جوگرافییـەکان سـود لەکتێبـی (موقەدیمە)ی(ابـن خلـدون، م.لـە ٨٠٨ك/١٤٠٦ز) وەرگـیراوە، لەگـەڵ چەندیـن ژێـدەری زانسـتیی تـری تایبـەت بـە ژیـانی زانسـتیی بەشـێك لەشارەکان، لـە نموونـەی (الحیـاة العلمیـة في دیاربکـر في العـصر العبـاسي)ی (ئاکـو برهـان محمـد) و چەندینـی تـر، کـە لـە لیسـتی سـەرچاوەکاندا ناویـان هاتـووە، هەرچەنـدە بـێ کەموکوڕیـی نییـە، بـەڵام هیوادارـن توانیبێتـمان سـوود و خزمەتێـك بـە بوارەکـە بگەیەنـین.

## تەوەرەی یەکەم

### کاریگەریی جوگرافیا لەسەر گەشەکردنی شارستانییەت و بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی

گرنگیی جوگرافیا بۆ مێژوو، وایکردووە کە هەر لەدێر زەمانەوە لێکدانەوەی جوگرافیی بۆ رووداوە مێژووییەکان ببێت بە یەکێك لە تیۆرییە گرنگەکان، بەشێك لە فەیلەسووفانی فەلسەفەی مێژووش پێیانوایە کە دیاردە جوگرافییەکان کاریگەریی سەرەکییان لەسەر درووستبوونی رووداوە مێژووییەکان و ئاراستەکردنی مێژوو هەیە، چونکە رەگەزە جیاجیاکانی جوگرافییا کاریگەرن لە درووستکردنی پێکهاتەی جەستەیی و ئەخلاقیی و توانای عەقڵیی و زانستیی و رۆشنبیریی مرۆڤ (حسێن، ٢٠٠٩، ل٦٢٦)، وشەی (جوگرافیا _ Geographia)ش لە بنەڕەتدا یۆنانییە و لە دوو بڕگە پێك هاتووە، (Geo) بە واتای زەویی و (graphia) بە واتای باسکردن دێت، هەردوو بڕگەکەش بەسەریەکەوە بە واتای باسکردنی زەویی یاخود زانستی زەویی دێت (موسی، العمادی، ١٩٨٠، ص١٦)، لە رووی زاراوەشەوە بە شێواز و دەربڕینی جیاواز ناسێنراوە، وەها پێناسە کراوە، کە زانستیی لێکۆڵینەوەیە لە هەسارەی زەویی، بەشێکی تر بە زانستیی پەیوەندییەکان پێناسەی ئەکەن، واتە زانستیی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی ناوان سرووشت و مرۆڤ(الشمري، ٢٠١٣، ص٢١)، بەگوێرەی بۆچوونەکانی (فیدال دو لابلاش) (م.لە ١٨٩٨ز)، جوگرافیا زانستیی شوێنە (رەئووف، ٢٠١٢، ل٥)، هەروەها شوێن بە دڵی جوگرافیا دانراوە(حمدان، د.ت، ص٢٧٦)، نووسەریش هەیە جوگرافیا ئەکات بە چەند لقێکەوە، هەر لە جوگرافیای سرووشتییەوە بگرە، کە لە دیاردە سرووشتییەکان ی سەر رووی زەویی ئەکۆڵێتەوە، تاوەکوو جوگرافیای مرۆیی و جوگرافیای هەرێمی و جوگرافیای مێژوویی(الشمري، ٢٠١٣، ص٢٣).

بە شێوەیەکی گشتی ئەکرێت بوترێت جوگرافیا ئەو زانستەیە، کە لە دوو بەش پێکدێت (سرووشتیی و مرۆیی)، واتە جوگرافیا هەم زانستیی لێکۆڵینەوەیە لەدیاردە سرووشتییەکان، هەم لە دیاردە مرۆییەکانی سەر رووی زەویی، کەواتە مرۆڤ و ژینگە و پەیوەندی ناوانیان، بابەتیی سەرەکیی لێکۆڵینەوەی جوگرافییان(موسی، العمادی، ١٩٨٠، ص١٦ – ٢٣)، لەسەر ئەو بنەمایەش بەگشتی بەسەر دوولقی سەرەکییدا دابەشکراوە، کە جوگرافیای مرۆیی و جوگرافیای سرووشتین بە گشت رەهەندە جیاوازەکانیانەوە.

دیارە کە پەیوەندی ناوان مرۆڤ و ژینگە یاخود سرووشت بەمانا گشتییەکەی هەر لەوکاتەوەی مرۆڤ هاتۆتە سەر زەویی دەستی پێکردووە، بۆیە پەیوەندییەکی بەهێز لە ناوانیاندا هەیە، وەکو هێزێکی کاریگەر و خاوەن دەسەڵات و پیرۆز سەیرکراوە(ئەلزەیدی، ٢٠١٥، ل١٤٢)، بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ پابەندی ئەو بارودۆخە سرووشتییەیە کە تیایدا ئەژی، بە ئەندازەی ئەوەی کار لە سرووشت ئەکات، سرووشتییش کاریگەریی بەسەریەوە ئەبێت(ئەملاح، ٢٠١١، ل٣٢٨)، لێکۆڵینەوەش لە کاریگەریی سرووشت و جوگرافیا لەسەر مرۆڤ، پرسێکی کۆن و لەمێژینەیە، واتە هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چەندین مێژوونووس و جوگرافیناس و فەیلەسووف و نوسەر قسەیان لەسەر کردووە، یەکێك لەو مێژوونوسە کۆنانەی پێی وابوو دیاردە جوگرافییەکان کاریگەرییان لەسەر چالاکیەکانی مرۆڤ و جوڵەی مێژوو هەیە، بریتی بوو لە هیرۆدۆت (٤٨٥ پ. ز _ ٤٢٥ پ. ز)، کە بە باوکی مێژووش ناسراوە(الهیتي، ٢٠٠٥، ص٣٠)، هیرۆدۆت پێی وابوو یەکێك لەو لایەنانەی، کە مێژووی پێوە بەستراوەتەوە، بریتییە لە جوگرافیا، لەلای ئەو مێژوو تەنها رووداو نییە بگێڕدرێتەوە و مێژوونوس لە رێگەی گەڕان بەدوای سەرچاوە و بەڵگەنامەکاندا هەوڵی گەیشتن بە راستی و درووستیان بدات، بەڵکو هەمیشە پشتگیری گێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکانی بە شرۆڤەی جوگرافیی ئەکرد، هەربۆیەشە سارتۆن لە شرۆڤەی پەرتوکەکەی هیرۆدۆتدا، تەنها بە یەکەم پۆلێنبەندیی دانانێت لە مێژوودا، بەڵکو بەیەکەم پۆلێنبەندیشی لە جوگرافیای مرۆڤدا داناوە(نەشار، ٢٠٠٩، ل٤٣٧)، هەر لەمبارەیەوە

بۆچـوونی وا خراوەتـە روو کـە شارسـتانییەتەکان، بەرهەمـی دیـاردە جوگرافییەکانـن، لـە نموونـەی شارسـتانییەتی کۆنـی میسر کـە بـە دیـاری رووبـاری نیـل دانـراوە، واتـە ئـەوەی وایکـردووە ئـەم شارسـتانییەتە درووست ببێـت، بریتیـی بـووە لـە رووبـاری نیل(دیورانـت، ٢٠٠٨، ل١٩).

کاریگەریـی جوگرافیـا (کـەش، ئـاو، شـوێن)، لەلایـەن (هیبوقـراط) (ابیقـراط الثانی)یـەوە (م.لـە ٣٧٠پ.ز)، لـە نامەیەکـدا (٤٢٠ پ.ز) خراوەتـە بەرباس(موسـی، العـمادی، ١٩٨٠، ص٩٣؛ محمـد ، ٢٠١٥، ل٦٤)، پێـی وابـووە لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا، جەسـتە و ئـاکاری مرۆڤـەکان بەگوێـرەی سرووشـتیی وڵاتەکـەی ئەگۆڕێـت، جەسـتەی مرۆڤـەکان لـە رووی گەورەیـی و هێـزەوە، هەروەهـا لـە رووی ئـاکارەوە لەگـەڵ سرووشـتیی ئـەو ناوچەیـەدا ئەگونجێـت کـە تیایـدا ئەژیـن، ناوچەکـە شـاخاویی و سـەختە، یـان دەشـت و تەختاییـە، ئـاوی زۆرە یـان وشـکانییە(ئەملەلاح، ٢٠١١، ل٢٠٨). ئەرسـتۆی یۆنانیـش (٣٨٤ _ ٣٢٢ پ.ز) بـاسی لـە کاریگەریـی ئاووهـەوا لەسـەر گـەلان کردووە(مـوسی، العـمادي، ١٩٨٠، ص٩٣)، پێـی وابـوو هـۆکاری پێشـکەوتنی یۆنانییـەکان لـە بیرکردنـەوە و سیاسـەتدا، بـۆ هەڵکەوتـەی جوگرافـی ئـەو وڵاتـە ئەگەڕێتـەوە، کـە کەوتۆتـە نـاوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاواوە (ئاسـیا و ئەورووپـا)، کـە ئەمـەش وایکـردووە یۆنـان کـەش و ئاووهەوایەکـی مامناوەنـدی هەبێـت و کاریگـەری بخاتـە سـەر دانیشـتوان و ئـاکار و هەڵسـوکەوتیان(ئەملاح، ٢٠١١ ، ل٢٠٩)، بۆچوونـی تـر شارسـتانییەت ئەبەسـتێتەوە بـە شـوێنەوە، پێـی وایـە پێـش هەمـوو شـتێك شارسـتانییەتەکان بەشـێکی گرنگیـان رسـکاوی شـوێنەکانن، شـوێنیش واتایەکـی فـراوان لەخۆئەگرێـت، کـە بریتییـە لـە پانتایـی زەویـی و بەرزیـی و نزمیـی و کـەش و ئاووهـەوا و رووەك و گیانلەبـەران و سـامانی سرووشـتی، بۆیـە هـەر لـە کۆنـەوە شارسـتانییەتەکان وابەسـتەی جوگرافیـان، بـۆ نموونـە هەریـەك لـە شارسـتانییەتەکانی چیـن و سـۆمەر و بابـل و میـسر لەکەنـاری رووبـارەکان درووسـتبوون، شارسـتانییەتەکانی ئەورووپـای باکووریـش لەسـەر دەریـای بەڵتیـك و دەریـای باکـوور درووسـتبوون، ئەگـەر میسریـش خەڵاتـی نیـل بووبێـت، ئـەوا شارسـتانییەتەکانی فینیقیـا و یۆنـان و رۆمـان بەخششـی دەریـای ناوەڕاسـت بوون(محمـد، ٢٠١٢، ل٢٤٩). بۆچونـی تـرش هەیـە هـۆکاری جیاوازیـی لـە پلـەی پێشـکەوتنی شارسـتانیەتێك لـە چـاو شارسـتانیەتییەکی تـردا بـۆ ژینگـە ئەگەڕێنێتـەوە، پێـی وایـە زۆرجـار ژینگـە ئەبێتـە کۆسـپ لەبـەردەم بەرەوپێشـچوونی شارسـتانییەت، چونکـە یەکەمجـار مـرۆڤ لەگـەڵ سرووشـتدا مامەڵـە ئـەکات و بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان پێیـەوە پەیوەسـت ئەبێـت، بەتایبـەت لـەو شارسـتانییەتانەی لەناوچـە دەشـتایی و شـاخاویی و زۆنگاوەکانـدا بوونیـان هەیـە، لەوێـدا مـرۆڤ لـە زۆر لایەنـەوە لەگـەڵ ژینگـەی سرووشـتیی رەفتـار ئـەکات، پێیانوایـە هـۆکاری دواکەوتوویـی بەشـێك لـە کۆمەڵـگاکان و مانەوەیـان بـە نەزانیـی و هەژاریـی مادیـی و نەخۆشـی، تـا ئەندازەیەکـی زۆر پەیوەسـتە بـە ژینگـەوە، هـەر لەبەرئەوەشـە راسـتەوخۆ ژینگـە لەبەرانبـەر شـێوەی دەرەوەی پێکهاتـەی شارسـتانییەت بەرپرسە(ئیسـماعیل، شـەریف، ٢٠٠٤، ل٨٥).

پرسـی کاریگـەری جوگرافیـا لـە سـەر مـرۆڤ و لایەنـی شارسـتانیی و بزاڤـی رۆشـنبیریی و زانسـتیی، بووەتـە جێـگای مشـتومڕی زانایـان و فەیلەسـوفانی مسـوڵمانیش، لـەو بارەیـەوە فەیلەسـوفی نـاوداری مسـوڵمان (ئەبـو نـەسر فارابـی) (م.لـە ٣٣٩ك/٩٥١ز)، باسـی لـە کاریگـەری ژینگـە لەسـەر مـرۆڤ کـردووە، پێـی وایـە خـاك و کـەش و ئاووهـەوا، ئەبنـە هـۆی بەرهەمهێنانـی رووەك و گیانلەبـەری جۆراوجـۆر، ئـەوەش کار لـە جـۆری ئـەو خۆراکـە ئـەکات، کـە مـرۆڤ بـەکاری ئەهێنێـت، ئـەوەش ئەبێتـە هـۆی درووسـتبوونی سرووشـتیی جیـاواز لەنـاوان نەتـەوە و کۆمەڵـگە مرۆییـەکان (محمـد، ٢٠١٥، ل٦٧)، (ئیـبن خەلـدوون) (م.٨٠٨ك/ ١٤٠٦ ز)، لـە پێشـەکیەکەیدا بـاسی کاریگەریـی کـەش و ئاووهـەوای لەسـەر ئـاکاری خەڵـك و رەوشـتیان کـردووە، لـە رووی کـەش و ئاووهـەواوە ناوچـەکان بـۆ سـێ بـەش دابەشئەکات، ناوچـەی ساردی باکـوور بووەتـە هـۆی ئـەوەی کەسـانی ئـازا و بیرمەنـدی تێـدا هەڵبکەوێـت، شـایەنی ئـەوەن فەرمانڕەوایـی بکـەن،

چالاکـی و زیندوویەتیـی و زیرەکییـان پێوەدیـارە، ناوچـەی باشـووری گەرمیـش، شـوێنی کەسـانی تەمـەڵ و تەوەزەلـە و حـەز بـە رابـواردن ئەکـەن، کەمـتر پێشـکەوتوو و شارسـتانین، لـە رووی سیاسیشـەوە ئەبـن بـە پاشـکۆی خەڵکانـی باکـوور، ناوچـەی ناوەڕاسـتی مامناوەنـد لـە رووی ئاووهەواشـەوە، خەڵکەکـەی بـەوە ئەناسرێنـەوە، کـە لـە رووی ئـاکار و لـەش و لار و گوزەرانیـان مـام ناوەنـدن، بـە بـڕوای ناوبـراو هەمـوو هەرێمێـك دابونەریتـی خـۆی هەیـە، هەمـوو ئەوانـەشی بەچالاکـی ژینگەکەیـان بەسـتۆتەوە، هەروەهـا پێـی وابـوو ئاووهـەوا کاریگەریـی لەسـەر لایەنـی ئاوەدانیـش هەیـە، بـەرزی پلـەی گەرمـا لـە باشـوور و نزمیـی پلـەی گەرمیـی باکـوور رێگـرن لـە ئاوەدانـی، ناوچـەی گونجـاو بـۆ ئاوەدانـی لـەلای ئـەو، بریتییـە لـە ناوچـەی کـەش و ئاووهـەوای مـام ناوەنـد، لـە هەمـان کاتـدا پێیوایـە، مـەرج نییـە هەمـوو دانیشـتوانی ئـەو هەرێمـەی ئاووهەواکـەی مامناوەنـدە لـە خۆشـگوزەرانیدا بژیـن، وەك چـۆن لـەم سـەر زەمینـەدا ناوچـە گەلێکـی ئـاوەدان و شارسـتانی هـەن، بەهەمـان شـێوە ناوچـە گەلێـك هـەن، کـە دانیشـتوانەکەی بەسـەختی ژیـان ئەگوزەرێنـن، دیـارە کـە خاکیـش کاریگـەری لەسـەر مـرۆڤ هەیـە، دانیشـتوانی شـوێنە نزمـەکان، لـە رووی جەسـتە و ئاکاریانـەوە لـە دانیشـتوانی ناوچـە بـەرزەکان باشـترن، شـكڵ و دیمەنیـان رێکـترە، رەوشـتیان رێکوپێکـە و بیـر و زهنیـان تیژتـرە، ئاشکراشـە کـە یەکێـك لـە بنەماکانـی شارنشـینی بریتییـە لـە زەویـی، هەروەهـا جەختیـش لەسـەر کاریگـەری ژینگـەی سرووشـتیی لەسـەر کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـی دەکاتـەوە، ئـەوەی سرووشـتی مـرۆڤ دیـاری ئـەکات و رۆڵ لـە کار و چالاکیەکانیـدا ئەبینێـت، بریتییـە لـە شـوێنەکەی و بەپیتـی زەوییەکـەی و ئاووهـەوا و دەرامەتـە سرووشـتییەکانی، دەربـارەی کاریگەریـی هەڵکەوتـەی جوگرافیـای شـوێنەکانیش لەسـەر لایەنـی شارسـتانییەتی، پێـی وایـە ئـەو شـارانەی کەوتوونەتـە نزیکـی پایتەختـەوە، خاوەنـی هەمـوو جۆرێکـی شارسـتانیین(ئیبن خلـدون، ٢٠١٦، ب١، ل٢٦٥، ٢٧٠، ٢٧٣-٢٧٥؛ ب٢، ل٨٨؛ ئەلمـەلاح، ٢٠١١، ل٢١٠؛ محمـد، ٢٠١٢، ل٢٦؛ ئەلزەیـدی، ٢٠١٥، ل١٤٣).

کاریگەریـی جوگرافیـا لەسـەر لایەنـی شارسـتانیی و بزاڤـی زانسـتیی و رۆشـنبیریی، لـە لای بیرمەنـدانی نوێـش لێکدانـەوەی بۆکـراوە، بـە بـڕوای (مۆنتسـکیۆ) (١٦٨٩-١٧٥٥ز) رەگـەزەکانی ئاووهـەوا و خـاك کـە بەشـێکی گرنگـی جوگرافیـان، کاریگەرییـان لەسـەر خەسـڵەتی رۆحـی و هەسـت و سـۆزی مرۆڤـەکان و یاسـاکانیش هەیـە، پێـی وایـە مرۆڤـی ناوچـە ساردەکان خاوەنـی هێـز و چالاکییەکـی زۆرن، بڕوایـان بەخۆیانـە و دلێـر و تۆڵەسـێنەرن، هەروەهـا راسـتگۆ و بـێ فـرت و فێڵـن، بـەڵام مرۆڤـی ناوچـە گەرمـەکان بـێ ئومێـد و ترسـنۆکن، مرۆڤـی ناوچـە فێنکەکانیـش بەهـۆی گۆڕانـی ئاووهـەواوە، خەسـڵەت و سـیفاتی دانیشـتوانەکەی هیـچ کات سـەقامگیر نییـە و لـە گۆڕاندایـە، پێـی وابـوو خاکیـش کاریگـەری لەسـەر مـرۆڤ هەیـە، خەڵکـی ناوچـە دەشـتاییەکان لەکاتـی هێرشـی دوژمنـدا زوو تەسـلیم ئەبـن، بـە پێچەوانـەی ئەوانـەوە خەڵکـی ناوچـە شـاخاوییەکان بەرگریـی ئەکـەن، چونکـە ئازادیـی گەورەتریـن سـامان و دارایـی خەڵکەکەیە(مۆنتسـکیۆ، ل ٣٣٢-٣٣٦، ٣٩١). (تۆمـاس باکل)(م.لـە ١٨٦١ز)، لێکۆڵـەر و مێژوونوسـی بەریتانیـش پێیوایـە، کـە ئاووهـەوا و خـاك و خـۆراك و دیمەنـە سرووشـتییەکان ، کاریگەرییـان لەسـەر مێـژووی گـەلان هەبـووە، پێشـیوایە تاوەکـو مـرۆڤ زیاتـر بەسـەر ژینگـەدا زاڵبێـت، سرووشـت هێـزی خـۆی زیاتـر لـە دانانـی کاریگـەری بەسـەر رووداوەکانـەوە لەدەسـت ئەدات(شـکوئی، ٢٠٠٩، ل١١٥)، لـە لای (بـاکل) مێـژوو لـە هێڵـە گشـتییەکەیدا، دەرئەنجامـی ئـەو باردۆخـە جوگرافییەیـە کـە لەشـانۆی رووداوەکانـدا باوە(حسـێن، ٢٠٠٩، ل٦٢٩)، (راتزل)یـش رای وایـە کـە سرووشـت کاریگـەری زۆری لەسـەر مـرۆڤ و چالاکییەکانـی مـرۆڤ هەیـە، مـرۆڤ بەرئەنجامـی زەویـی و دیـاردە سرووشتییەکانە(الشـمری، ٢٠١٣، ل٢٦)، هەندێکـی تـر لـە توێژەرانیـش پێیانوایـە، ئاووهـەوا کاریگـەری لەسـەر رەفتـار و رەوشـت و چـالاکی مـرۆڤ هەیـە (عبداللـە الشـیخ، ص١٣٨ ؛ عزالدیـن، ٢٠١٧، ل٣٥).

بەمشێوەیە ئەبینین کە جوگرافیا و دیاردە سرووشتییەکان کاریگەرییان لەسەر لایەنی شارستانیی و چالاکییەکانی مرۆڤ هەبووە، بەتایبەت لەو قۆناغەدا کە ئامرازەکانی بەردەستی مرۆڤ سادەبوون و کەمتر توانیویەتی کۆنترۆڵی هۆکارە جوگرافیی و سرووشتییەکان بکات، بە پێچەوانەوە مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی زیاتر لەژێر کاریگەریی جوگرافیادابوون، سەبارەت بە کاریگەریی جوگرافیاش لەسەر بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی وەك بەشێك لە ژیانی شارستانیی و جڤاکیی، ئەوا رۆڵی لەسەر درووستکردنی توانای ئەقڵی و زانستیی مرۆڤ داناوە(حسێن، ٢٠٠٩، ل٦٢٦)، هەروەك( ئیبن خەلدوون) پێی وابووە کەش و ئاووهەوا کاریگەریی لەسەر زانست و هونەر و ئایین و هەموو ئەو شتانەی لە ناوچەکەدا هەن هەیە، هەر بۆیەش پێی وایە دانیشتوانی ناوچە مامناوەندەکانی ئاووهەوا لە روانگەی رەوشت و ئایینەوە راستگۆترن، پێی وایە مرۆڤی ئەم ناوچانە خاوەنی زانستیی جۆراوجۆرن، نەخاسمە لە زانستیی حیکمەتدا ئەوە سەلمێنراوە، کە هۆکاری بێ عەقڵیی و نەفامیی بەشێك لە خەڵکی بۆ بەرزیی پلەی گەرما ئەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا فێنکیی هۆکاری قوڵ بیرکردنەوەیە(ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦، ب١، ل ل٢٦٥، ٢٧٠، ٢٧٣-٢٧٤)، تا رادەی ئەوەی کە بەشێك لە خواردن و بەروبومەکانی وەك ماست و خورما، کە بەرهەمی خاك و ئاووهەوان، کاریگەرییان لەسەر لایەنی هزریی و ژیریی و دانایی و توانای درککردنی مرۆڤەکان هەیە(ئەلحەسەن، ٢٠١٨، ل١٠٥)، پێشکەوتنی شارستانیی و لایەنی رۆشبیریی و هزریی بەشێك لە شار و هەرێمەکانیش لە مێژوودا بە کاریگەری رەهەندی جوگرافیی ئەزانرێت (حسین، العزاوی، ٢٠١٠، ل١٩٦).

بەهەرحاڵ بە گشتی ئەکرێت بوترێت کە رەهەندی جوگرافیی بە سەرجەم لایەنەکانیەوە، بە فاکتەرێك لە فاکتەرەکان دائەنرێت، کە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ لە رووی زمان و تۆنی دەنگ و رەنگی پێست و چاو و پرچ هەیە، هەروەها کاریگەرییان لەسەر ئایین و توانای ئەقڵی مرۆڤ و فکر و فەلسەفە و نەستی سۆفیگەری هەیە، کاریگەریشیان لەسەر وێژە و مۆسیقا و لایەنی ئەندازیاریی و بیناکاریی هەیە، هەروەها کاریگەرییان لەسەر زانست و لایەنی پزیشکیی و چارەسەر و لایەنی دەروونیی هەیە، جگە لەمانە کاریگەرییان لەسەر هونەری وێنە و نیگارکێشان و لایەنی پیشەسازیی و پیشەی مرۆڤەکان و یاسا و دەستووری وڵاتان و لایەنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و جەنگ و ئاشتیی و لایەنی ترش هەبووە و هەیە(عثمان، ١٩٦٤، ص٣٣).

بەمشێوەیە ئەبینین، بە بڕوای لایەنگرانی تیۆریای حەتمیەتی جوگرافیی بۆ سەرهەڵدانی شارستانییەت، سرووشت و تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی وەك ژینگە و بەرزیی و نزمیی و خاك و ئاووهەوا و رواڵەتی تری جوگرافیی، کاریگەریی زۆریان لەسەر مرۆڤ هەیە، ژینگەی جوگرافیی وەکو شانۆیەکی مرۆڤ و بزاوتەکانیەتی، نەخاسمە جوگرافیا رەگەزێکی سەرەکیی درووستکردنی مێژوویە، رۆڵی تەواویشی لە درووستبوونی شارستانیەتدا هەیە، بەو پێیەش بێت جوگرافیا، مێژوو و تەواوی گۆڕانکارییە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کارگێڕیی و ئەوانی ترش بەڕێوە ئەبات(محمد، ٢٠٠٨، ل٤٢).

بێگومان ناوچە کوردنشینەکانیش بەگشتیی و هەرێمی چیاکان و جزیرە بە تایبەت، بەسەرجەم پێکهاتە سرووشتییەکانیان و هەڵکەوتەی جوگرافیی و پێگەی بەشێکی زۆر لەشارەکانیان لە قۆناغی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا بەدەر لەو کاریگەری و رۆڵە نەبوون، کەلەسەر لایەنی شارستانیی و بزافی زانستیی و رۆشنبیریی کۆمەڵگە دایاننـاوە، کە بابەتی توێژینەوەکەیە.

## تەوەرەی دووەم

### کاریگەریی رەهەندی جوگرافیی لەسەر گەشەکردنی بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی ناوچە کوردنشینەکان

ناوچـە کوردنشـینەکان هەمـوو ئـەو ناوچـە و ئاوەدانییانـە ئەگرێتـەوە کـە کـورد و پێکهاتـەی تـرش تیایـدا نیشـتەجێ بـوون، کـە لەلایـەن مێژوونوسـان و وڵاتناسـانەوە بـە چەنـد ناوێکـی جیـاواز ناودێرکـراون (أمیـن زکـی، ٢٠٠٣، ج٢، ص١٤؛ هەروتـی، ب.س،چ، ل٢٣)، هـۆکاری بوونـی چەنـد ناوێکـی جیاوازیـش بـۆ ناوچـە کوردییـەکان ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی خەلافەتـی عەباسـییەکان، بـە تایبـەت دوای ئـەوەی بوەیهییـەکان لـە سـاڵی (٣٣٤ك/ ٩٤٦ ز) بەغـدای پایتەختیـان گـرت، پاشـان هاتنـی تورکـە سـەلجووقییەکان لـە سـاڵی (٤٤٧ ك/ ١٠٥٥ ز)، بـووە هـۆی ئـەوەی چەندیـن دەوڵـەت و میرنشـین و دەسـەڵاتدارێتیی و هەرێـم و ویلایـەت لـە دەسـەڵاتی خەلافەتـی عەباسـیی جیاببنـەوە، لەوسـەردەمەدا وڵاتـی کـورد _ کوردسـتان، لـە رووی کارگێریـی و بەڕێوەبردنـەوە بەسـەر هەرێمـەکانی (چیـاکان، جزیـرەی فـوراتی، ئاذربایَنجـان، ئەرمینیـا، ئـاران)دا دابەشـکرابوون(تۆفیق، ٢٠١٣، ل٣٣)، چ جـای ئـەوەی کـورد لەهەرێمـی ترشـدا ژیـاون، بـەڵام هەرێمـی کوردنشـین نەبـوون، لـە نموونـەی هەرێمـی فـارس و خوراسـان و ئەهوازدا(عەبدولرەحیـم، ٢٠٠٨، ل١٠٥). ئـەوەی جێـی باسـەکەیە هەرێمـی چیـاکان و جزیـرەی فوراتییـە، هەرچـی هەرێمـی چیـاکان بـووە کـە بەوڵاتـی بەهلەویەکانیـش ناسراوە(الادریسـی، ٢٠٠٢، ج٢، ص٦٥٤)، لەچەندیـن شـار و باژێـر پێکهاتـووە، لـە نموونـەی شـارەکانی وەك (دەینـەوەر، قرمسین_کرماشـان، نەهاونـد، خانەقیـن، حەلـوان، شـارەزوور، شاپورخواسـت) و چەنـد شـارێکی تر(ابـن حوقـل، ١٩٩٢، ص٣٠٤ – ٣٠٥؛ الادریسی، ٢٠٠٢، ج٢، ص٦٥٥)، لوڕسـتان و چەندیـن ناوچـەی دی (ابـن حوقـل، ١٩٩٢، ص٣٠٤–٣١٧؛ المقدسي، ١٩٠٦، ص٣٨٤–٤٠٤ ؛ تۆفیـق، ٢٠١٣، ل٣٣ – ٣٦)، هەرێمـی جەزیـرەش، بـەو شـار و ناوچانـە وتـراوە بەگشـتی کەوتونەتـە نـاوان هـەردوو رووبـاری دیجلـە و فوڕاتەوە(ابـن حوقـل، ١٩٩٢، ص١٨٧؛ الادریـسی، ٢٠٠٢، ص٦٥٥)، گرنگتریـن شـار و باژێرەکانـی بریتیـی بـوون لـە( أربـل، جزیـرة ابـن عمـر، امـد، سـنجار، نصیبیـن، ماردیـن، رهـا، حـران، موصل)(ابـن حوقـل، ١٩٩٢، ص١٨٧ - ١٨٩؛ المقدسـی، ١٩٠٦، ص١٣٦–١٥١؛ الادریـسی، ٢٠٠٢، ص٦٥٤).

دوای دەسـتپێکردنی پڕۆسـەی فتوحاتـی ئیسـلامیی و وردە وردە بڵاوبوونـەوەی ئایینـی ئیسـلام و موسـڵمانبوون و ئاشـنابوونی دانیشـتوانی ناوچـە کوردنشـینەکان بـە نـاوەڕۆکی ئایینەکـە، بەهـۆی یـەك جوگرافیایـی و نزیکـی شـار و ناوچـەکان لـە مەڵبەنـدە گرنـگ و نـاوەدارەکانی شارسـتانییەتی ئیسـلامیی لـە رووی زانسـت و زانیاریـەوە، دانیشـتوانی ناوچـە کوردنشـینەکان توانیویانـە بـە ئاسـانیی هاتوچـۆ بـەو سـنوورە فراوانـەدا بکـەن، یەکێـك لـە مەبەسـتەکانی گەشـتکردنیش گـەڕان بـەدوای زانسـت و زانیارییـدا بـووە، کـە ژمارەیەکـی زۆر زانـا هەڵکەوتـن سـەردانی مەڵبەنـدە گرنگەکانـی زانسـتییان کـردووە، لـە اربـل (هەولێـر) و شـارەزوور و میافارقیـن و شـار و شـارۆچکەکانی تـری کوردنشـینەوە، فێرخـوازان و زانایـان بـۆ بـە دەسـتهێنانی زانسـت و زانیاریـی سـەردانی بەغـداد و دیمەشـق و حەلـەب و خوراسـان و مەڵبەنـدە زانسـتییەکانی تـری شارسـتانی ئیسـلامییان کـردووە (ابـن الشـعار، ٢٠٠٥، ج١، ص٣٤٥–٣٤٦؛ ابـن خلـکان، ١٩٩٨، ج٣، ص٢١٢–٢١٤، ج٤، ص٨٠-٨١؛ بەهرامـی نیـا، ٢٠٠٩، ل٢٣٥-٢٣٦؛ مەحمـود لخەلیـل، ٢٠١٠، ل٣٩١-٣٩٤؛ الـداودي، ٢٠١٠، ص١٣٥-١٣٦)، ئـەوە نەخاسـمە نەبـوونی سـنوربەندی سیاسـیی و هەژمارکردنـی هەمـوو ناوچـە و هەرێمـە مسوڵماننشـینەکان بـە خانـەی ئیسلام و ئاسانی هاتوچۆکردنـی فێرخوازانـی زانستیی ناوچـە کوردنشـینەکان بـەم سنورە فراوانـەدا، وایکـردووە زانستخوازانی کـورد لەناوچەکانـی دەرەوەی کوردسـتان هەوڵـی بـە دەسـتهێنانی مۆڵەتـی زانسـتیی (الاجـازة العلمیـة) بـدەن، بەپێچەوانەشـەوە لـە قۆناغـەکانی دواتریشـدا بەتایبـەت مـاوەی توێژینەوەکـە، خەڵـکانی تـرش بـۆ هەمـان مەبەسـت روویـان لەشـار و شـارۆچکەکانی ناوچـە کوردنشـینەکان کـردووە، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر بـەرەو پێشـچوونی بزاڤـی

زانستیدا هەبوو، چونکە دوای تەواوکردنی خوێندنی پێویست، بەشێکی زۆر لەوانە هەر لەناوچەکەدا ئەمانەوە و رۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی و بواری فێرکردندا گێڕاوە.(حسین، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ل٢٨)، بەتایبەتیش ئەوانەی لە ناوچەکەدا ئەمانەوە، بێگومان کاریگەری لەسەر بەرەو پێشچوونی بزاڤی زانستیی لە کوردستاندا هەبووە، تەنانەت لە زۆرێك لەناوچە دووره دەستەکانەوە، زانایان و فێرخوازانی زانست بۆ بەدەستهێنانی زانست روویان لە ناوچە کوردنشینەکان کردووە. (ابن الشعار، ٢٠٠٥، ج٧، ص٢٥٧؛ الذهبی، ١٩٨٥، ج٢، ص١٨٣-١٧٤).

لایەنێکی تری رەهەندی جوگرافی کە کاریگەری لەسەر بەرەوپێشچوون و پەیداکردنی شارەزایی و لایەنی زانستیی هەبووە، بریتییە لە سرووشت و بوونی چەندین جۆری رووەك و گژوگیای جۆراوجۆر، بەتایبەت ئەو رووەك و گژوگیایانەی لە چارەسەری پزیشکییدا سوودی زۆریان لێ بینراوە، ئەمەش بووەتە هۆی گەشەکردنی لایەنێکی تری زانستیی کە بریتیی بووە لە بواری دەرمانسازیی و نوژداریی، هەر ئەم رووەکە سرووشتییانە بوونە سەرچاوەی خاوی بواری پزیشکیی و چارەسەری نەخۆشییە جۆربەجۆرەکان، لە هەرێمی چیاکان و هەرێمی جەزیرەش، لە نموونەی ئەو جۆرە گژوگیایانە هەبوون، بۆ نموونە (بخور الاکراد) یەکێك بووە لەوانە کە ناوبانگێکی زۆری لەم بوارەدا هەبووە، کە بۆ چارەسەرکردنی چەندین نەخۆشی وەکو (رەبۆ، کۆکە، سینگئێشە، سەرئێشە، تواندنەوەی بەردی ناو میزڵدان) و چەندین نەخۆشی تر بەکارهاتووە، ناوچەکانی هەکاریی و وان لە هەرێمی جزیرە پێی بەناوبانگبوون، ابن بیطاری رووەکناس و دەرمانسازیش (م.لە ٦٤٦ك/١٢٤٨ز)، باسی ئەم رووەکەی کردووە و بە (سباهـ) ناوی بردووە (یعرف بها بالسباه)(ابن بیطار، د.ت، ص٨٢؛ داود انطاکی، د.ت، ص٦٩-٧٠؛ تۆفیق، ٢٠١٥، ل٢٧٧-٢٧٨)، جۆرە گیایەکی تر لەناوچە کوردنشینەکاندا هەبووە، کە لە شوێنی تر نەناسراوبووە، بریتییە لە (حب الزلم)، کە لەسەرچاوەکاندا وەها باس کراوە (حب الزلم الصالح لأدویة الباه...)، ئەم جۆرە گیایە لە چیای زەڵمی شارەزوور هەبووە، لە چالاککردنی پیاوەتی بەکارهاتووە(ابن سینا، د.ت، ج١، ص٤٨٩؛ یاقوتی حموی، د.ت، ج٤، ص٣٧٥؛ القزوینی، د.ت، ص٣٩٨)، لە شارۆچکەی دزدانی شارەزووریش، جۆرە گژوگیایەیەك هەبووە، کە بۆ سوریژە و خوێنتێزانی چاو سوودی لێ بینراوە و پێی وتراوە (قلە)، لەدەڤەری ئیزجی لوڕستانیش گیای (قاقلی) هەبووە، کە ئەگوشرا و ئاوەکەی بۆ ئێشی جومگەکان بەکارهێنراوە (تۆفیق، ٢٠١٥، ل٢٨٥).

هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچە کوردنشینەکان تەنها لە رووی بەخشینی رووەکی سرووشتیی جۆراوجۆر کاریگەری لەسەر لایەنی زانستیی و رۆشنبیریی نەبووە، بەڵکو لە رووی بەخشینی چەندین کانیاوی کانزایی (گەڕاو)، رۆڵی هەبووە لەبەرەو پێشبردنی ئەو لایەنە، کە بەهۆی پێکهاتەکانی ئاوەکەیانەوە، لەبواری نوژداریی و چارەسەری نەخۆشییەکان سوودیان لێ بینراوە، بۆ نموونە لە هەرێمی چیاکان لە نزیك شاری حەلوان و ناوچەی تری هەرێمەکەش، چەندین کانیاوی کانزایی هەبووە و بۆ چەندین نەخۆشی سوودی لێ بینراوە، لە نموونەی نەخۆشی سکچوون، هەشبووە بەکاری هێناوە بۆ پاراستنی جەستەی لە نەخۆشیی، لە هەرێمی جەزیرەش ئەو جۆرە گەڕاو کانیاوی کانزاییە هەبوون، کە ئاوەکەیان وەکو دەرمان بەکارهاتووە و هاوڵاتیان بە مەبەستی چاکبوونەوەیان لە نەخۆشییەکەیان لە نموونەی نەخۆشیی "گەڕیی" خۆیان تێدا شتووە، تەنانەت ئەم گەڕاوانە لەلایەن میرەکانیشەوە بۆ چارەسەری نەخۆشیی سوودیان لێ بینراوە(القزوینی، د.ت، ص٣٥٧؛ تۆفیق، ٢٠١٥، ل٢٨٣-٢٨٥).

دیارە هەڵکەوتەی جوگرافیی و سرووشتیی ناوچەکە کاریگەریی هەبووە لەسەر دەوڵەمەندی ناوچە کوردنشینەکان لە رووی سامانی سرووشتیی و ئاژەڵیی و کەرەستەی بەردەست و جۆراوجۆری سەرچاوەکانی داهات، ئەمە و گونجاویی ئاوهەوا و زۆریی سەرچاوەی ئاو و خاکی بەپیت و گونجاویی نرخی کاڵا و بەربووم، کە هۆکاری باشی

ئاستی بژێوی باروگوزەرانیی خەڵك بوون (الاصطخري، ٢٠٠٤، ٧٤، ١٩٥؛ ابن حوقل،١٩٩٢، ٢٠٨، ٣٥٨)، کە بێگومان کاریگەریی لەسەر زۆربوونی سەرچاوەکانی پەیداکردنی داهات و باج و ماڵات هەبووە، کە بەتایبەت میرنشینەکان سوودی زۆریان لێ بینیون، ئەوەی ئاشکراشە لەو ماوەیەدا بەشێکی بەرفراوانی ئەو هەرێمانە لە لایەن بنەماڵە فەرمانڕەواکانی ناوچەکە و دەسەڵاتێکی خۆجێیی بەڕێوەئەبران و خاوەنی میرنشینی ناودار و دەستڕۆیشتووبوون، ئەوانیش هەریەك لە میرنشینەکانی حەسنوەیهی(٣٤٨-٤٠٦ك/٩٦٠- ١٠١٥ز) لە بەشێکی هەرێمی چیاکان و میرنشینی مەروانیی( ٣٧٣-٤٧٨ك/ ٩٨٣- ١٠٨٥ز) لە هەرێمی جزیرە ( (حسن، ٢٠١١، ل٤٣؛ تۆفیق، ٢٠١٣، ل١٣٢–٢٥٠)، کە سەرباری ئەوەی کاریگەرییان لەسەر زیادکردنی بایەخی جوگرافیی ناوچەکان هەبووە، بایەخی شوێنی جوگرافیی سوودی ئابووریی زۆری پێگەیاندون، بەو سیاسەتەی پەیڕەویان کردووە، بوونە خاوەنی توانایەکی ئابووریی بەهێز، کە بەشێکی ئەو داهاتەی دەستیان کەوتووە، لە خزمەتی بواری ئاوەدانیی و شارستانیی بە گشتیی و پێشخستنی لایەنی زانستیی و رۆشنبیریی خەرجیان کردووە, بۆ نموونە میرانی میرنشینی حەسنەوەیهی گرنگییان بە درووستکردنی دامەزراوە زانستیی و رۆشنبیرییەکان داوە، وتراوە میر (بدر بن حسنویه) (م.لە ٤٠٥ك/١٠١٤ز)، هەزاران مزگەوتی بنیاتناوە و رێزی زانایانی گرتووە و کۆمەکیی دارایی پێشکەش کردوون، (نصر الدولة بن مروان)(م.لة ٤٥٣ك/١٠٦١ز), بەهەمان شێوە گرنگیی بە درووستکردنی مزگەوت و نەخۆشخانە داوە و رێزی زانایانی گرتووە و ناوچەکانی ژێر دەستی بووبوون بە رووگەی رووتێکردنی زانایانی زۆرێك لە ناوچەکان, ئەمە جگە لە بنیاتنانی پەرتوکخانەیەکی دەوڵەمەند لە ناوچەکەدا (الفارقی، ١٩٥٩، ص ص ١٣١، ١٣٨؛ ابن الأثیر، ١٩٩٧، ج٧، ص ص٤٣٧، ٥٩٩؛ ابن ابي اصبیعة، د.ت، ص٣٤١؛ ابن شداد، ١٩٧٨، ج٣، ص ص ٣٥٤، ٣٦٠؛ یوسف، ٢٠٠١، ج٢، ص٢٨٨), لەلایەن میر و دەسەڵاتدارەکانی دواتری ئەم هەرێمانەشدا، گرنگیی بە درووستکردنی دامەزراوەی زانستیی و رۆشنبیریی وەکو قوتابابخانە و مزگەوت و نەخۆشخانە و خانەقا دراوە (ابن خلکان، ١٩٠٠، ج٢، ص٢٣٧-٢٣٩، ج٤، ص ص٨٢، ١١٦، ج٥، ص٣١٣؛ ابن شداد، ١٩٧٨، ج٣، ص١٨٣؛ ابن فضل اللە العمري، ٢٠١٠، ج٦، ص٢١٠)

جگە لە هەڵکەوتە جوگرافییەکەی، ئاووهەوای کوردستانیش کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی لایەنی شارستانیی و بزاڤی زانستیی ناوچە کوردنشینەکان هەبووە، کاتێك ئیبن خەلدوون باس لە کاریگەری ئاووهەوا لەسەر مرۆڤ ئەکات، پێی وابوو ئاووهەوای مامناوەند بۆ زانست و هونەر گونجاوترین شوێنە، کە لەباسی یەکەمدا ئاماژەی بۆکراوە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەو وڵاتانەش کردووە، کە کەوتوونەتە چوارچێوەی هەرێمی ئاوهەوای مامناوەندەوە، کە بریتیبوون لە شام و عێراق و ئێران (ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ٢٠١٦، ل٢٦٦)، دیارە کە هەرێمە کوردنشینەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش ئەکەونە چوارچێوەی ئەو هەرێمەی کە ئیبن خەلدوون بە هەرێمێکی گونجاوی بۆ ئاوەدانیی و زانست و هونەر و شارستانیەتیی زانیوون، بەڵام ئەوە بە واتای ئەوە نییە تەواوی ئەو ناوچانەی کەوتونەتە چوارچێوەی هەرێمی ئاووهەوای مامناوەندەوە، ناوچەی شارستانیی و پێشکەوتوو بن، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە، کە ئاماژە بە گونجاویی ناوچەکە بۆ لایەنی شارستانیی بکات، ئیتر گەشەکردنی لەژێر کاریگەریی هۆکارگەلی تردا دێتە دی.

سەرباری هۆکاری تر، کە جێی ئەم توێژینەوەیە نین، شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکان لەو هۆکارانەن، کە کاریگەرییان لەسەر لایەنی شارستانیی و بزاڤی زانستیی هەبووە، دیارە لەم قۆناغەشدا وردە وردە بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی لە شارەکانی هەرێمی چیاکان و جزیرەی فوراتی کەوتۆتە جوڵە و هەنگاوی بەرەو پێشکەوتن ناوە، ئەم کاریگەرییەشی لەچەند لایەنێکەوە ئەکرێت شرۆڤە بکرێت و رەنگدانەوەی بەسەر بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریدا

دەربخرێـت، لەبەرئـەوە بەپشـت بەسـتن بـە بەڵگـە مێژوویـی و لێـدوانی گەڕیـدەکان و وڵاتناسـانی موسـڵمان ،لەچەنـد لایەنێکـەوە کـە پەیوەسـتن بـە ڕەهەنـدی جوگرافیـی بابەتەکـە ئەخرێتـە ڕوو.

هەرێمـی چیـاکان یەکێـك بـوون لـە هەرێمـە پێشـکەوتووەکان لـە ڕووی بزاڤـی زانسـتیی و رۆشـنبیرییەوە، شـوێنی پێگەیشـتنی سـەدان زانـا و دامـەزراوەی زانسـتیی بـوو (ابـن العـماد الحنبلـی، د.ت، ج٣، ص١٧٣؛ أبـو رمضـان، ٢٠١١، ص٥٧٩-٧٢١)، بێگومـان یەکێـك لەهۆکارەکانـی ئـەم پێشـکەوتنە فراوانـەش هەڵکەوتـەی جوگرافیـی هەرێمەکـە و ناوچـە و شـارەکانی بـوو، یەکێـك لـە شـارەکانی هەرێمـی چیـاکان، کـە شـوێنە جوگرافیەکـەی ڕۆڵـی ئەرێنیـی زۆری لەسـەر بزاڤـی زانسـتیی و لایەنـی شارسـتانێتییەکەی هەبـوو، بریتـی بـوو لـە شـاری (الدینـور)، کـە کەوتبـووە ناوەنـدی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای ئیسـلامیی، ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر ئاسـتی بیرکردنـەوەی تاکـە کەسـی و توانـای زانسـتیان هەبـووە، هەروەهـا هەڵکەوتـە جوگرافییەکـەی وای کردبـوو، کـە لـە ڕووی بازرگانیشـەوە شـارێکی گرنـگ بێـت، بـە دوو ڕێـگای سـەرەکیی ئەچـووە سـەر ڕێـگای بازرگانـی خوراسـان، ئـەم ڕێگایانـە هـەم بـوو بـوون بـە ڕێـگای گەشـتە زانسـتییەکان، هـەم بازرگانانیـش ڕۆڵیـان بینیـووە لـە گەشـەپێدانی بزاڤـی زانسـتیی لـە ڕێـگای هێنانـی کتێبـەوە (حسـن، ٢٠٠٧، ل٣٩)، چەندیـن زانـا لـەم شـارەدا خزمەتـی ڕەوشـی زانسـتییان کـردووە و لەوبـارەوە بـە شـارێکی پێشـکەوتوو وەسـفکراوە (ابـن حوقـل، ١٩٣٨، ج٢، ص٣٦٢؛ السـمعانی، ١٩٦٢، ص٤٥٦-٤٥٧؛ السـخاوی، د.ت، ص٢٥٧)، کـە لەسـەرچاوەکاندا نـاوی زۆرێـك زانـا و فیقهـزان و سـۆفیی و شـارەزا هاتـووە، کـە زۆرێـك لەوانـە لـە دەرەوەی ئـەم شـارە و هەرێمەشـدا بـوون، کەچـی هـەر بـە پاشـگری نـاوی (الدینـوري) ناودێرکـراون و خۆیـان داوەتـە پـاڵ ئـەو شـارە، یەکێـك لەزانـا بەناوبانگەکانیشـی بریتـی بـوو لـە (محمـد بـن سـمعان بـن أبـی مسـعود أبـو علـی الدینـوری المقـرئ)، کـە ڕۆڵـی لـە پێگەیاندنـی چەندیـن قوتـابی بەردەسـتیدا هەبـوو، لەوانـە (عمـر بـن جنـاد الدینـوری)، کـە هەردووکیـان لـەو فەرموودەناسـانە بـوون، کـە لـە سـەدەی (٣-٤ك/٩-١٠ز) خزمەتـی ئـەو زانسـتەیان کـردووە ( ابـن الجـزری، ١٩٧١، ج٢، ص١٣٣)، دیـارە بـە شـارێکی پـڕ زانـا وەصـف کـراوە لـە ڕووی سـۆفیی و وێـژە و فەرمـوودەوە، هەڵکەوتـەی جوگرافیـی شـارەکەش وای کردبـوو ئـەم شـارە ببێـت بـە شـوێنی پەڕینـەوە و هاموشـۆی زانـا و خوێنـدەوار و سـۆفیانی ناوچـەکانی دەوروبـەری، ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر ئـەوە هەبـووە، کـە ئـەم شـارە ببێـت بـە مەکـۆی کۆبوونـەوەی سـۆفیەکان، بۆیـە ئـەم شـارە بـە (معـدن الصوفیـه) وەسـف کـراوە (یاقـوت الحمـوي، ١٩٩٥، ج٢، ص٥٤٥–٥٤٦؛ سـعید، ٢٠١٥ز، ل٣١).

یەکێکـی تـر لـەو شـارە کوردنشـینانەی هەڵکەوتـەی جوگرافییەکـەی کاریگەریـی لەسـەر بزاڤـی زانسـتییەکەی هەبـووە، بریتیـی بـوو لـە شـاری حەلـوان، سـەرەڕای ئـەوەی ئاووهەوایەکـی سـازگار و کانیـاوی زۆر و ژینگەیەکـی تەندروسـتی هەبـووە، کەوتبـووە سـەر ڕێـگای بازرگانـی (طریـق خراسـان العظیم)(ڕێـگای گـەورەی خوراسـان)، سـەرباری ئـەوەی سـەرچاوەیەکی داهـات و کار و کەسـابەتی زۆری بـۆ دانیشـتوانی ڕەخسـاندووە، زیندویەتـی بەشـارەکە بەخشـی بـوو، ئەتوانـرا سـەرچاوەی کتێبـی بـاش بازرگانـی پێـوە بکرێـت و بفرۆشرێـت، هەروەهـا ئـەم شـارە ڕێـگای هاتووچـۆی حاجییـەکانی ڕۆژهـەڵاتی ئیسـلامیی بـووە، کـەوا زۆرجـار لـەم شـارە ماونەتـەوە و دانیشـتوانی حەلـوان توانیویانـە سـوود لـە زانسـت و زانیارییەکەیـان وەربگـرن، هەروەهـا چەندیـن دامـەزراوەی زانسـتییش لـەو شـارەدا هەبـوون, (المقـدسي، ١٩٠٦، ص١٢٣؛ یاسـین، ٢٠١٣، ل ل١٤٨-١٤٩، ١٥٣)، لـەم شـارەدا چەندیـن زانـای شـارەزا لـە زانسـتە جۆراوجـۆرەکان دەرکەوتـن، یەکێـك لەزانـا هەڵکەوتووەکانـی ئـەو شـارەش، پێشـەوای قورئانخوێـن (أحمـد بـن یزیـد الحلوانـی المقـرئ) (م.لـە ٢٦٠ك/٨٧٥ز) بوو(الصفـدي، ٢٠٠٠، ج٨، ص١٧٦)، (عبدالرحمـن بـن محمـد بـن علـی بـن محمـد الحلوانـی)، کـە ناسرابـوو بـە أبـو محمـد بـن أبـی الفتـح (٤٩٠- ٥٤٦ك/ ١٠٩٧-١١٥١ز)، یەکێکـی تـر لـە زانـا بەناوبانگەکانـی شـارەکە و ڕاڤەکارێکـی بەتوانـای قورئـان

بـووە، کـە لـە لای باوکـی شـارەزایی لەزانسـت پەیداکردبـوو، لـە ٤١ بەرگـدا راڤـەی قورئانـی پیـرۆزی کردووە(الصفـدي، ٢٠٠٠، ج١٨، ص١٤٩–١٥٠)، لـە بـواری زانسـتیی فەرموودەشـدا، شـاری حەلـوان زانـای بەناوبانگـی هەبـووە، (حسـن بـن علـی بـن محمـد الحلوانـی) (م.لـە ٢٤٢ك/٨٥٧ز) نـاسراو بـە (الحافـظ الخـلال)، یەکێکبـوو لـە زانـا بەناوبانگـەکان و بەشـێك لـە فەرمـودە گێـڕەرەوەکان فەرموودەیـان لـێ گێڕاوەتەوە(الصفـدي، ٢٠٠٠، ج١٢، ص١٠٣)، لەبـواری زانسـتیی (ئاینزانی_فقه)یشـدا، یەکێـك لەزانـا بەناوبانگەکانـی فیقهـی شـافعیی لـە شـاری حەلـوان، (أحمـدی بـن علـی بـن بـدران ابوبکـر حلـواني) (م.لـە ٥٠٠ك/١٠٠٠ز) بـوو (ابـن قـاضي شـهبة، ١٩٨٧، ج١، ص٢٧٨-٢٧٩)، جگـە لـەم زانسـتانەی باسـکران، لەچەندیـن بـواری تـری زانسـتیی وەکـو (سـۆفیگەریی و زانسـتی زمانەوانیـی و ئـەدەب)، حەلـوان زانـای پێشـکەش بـە مێـژووی ئیسـلامیی کردووە(یاسـین، ٢٠١٣، ل١٥٩–١٦٦).

یەکێکـی تـر لـەو شـارانەی کـە هەڵکەوتـە جوگرافیاییەکـەی کاریگەریـی لەسـەربزاڤی زانسـتیی هەبـوو، شـاری(هەمەدان) ی هەرێمـی چیـاکان بـوو، کـە شـارێکی بەناوبانـگ و گـەورەی ئـەو هەرێمـە بـوو (القزوینـی، د.س، ص٤٨٣)، سـەرەڕای ئـەوەی بازرگانیـی تیایـدا چـالاك بوو(ابـن حوقـل، ١٩٩٢، ص٣٠٨)، بەهـۆی ئـەوەی کەوتبـووە ناوەڕاسـتی هەرێمـی چیاکانـەوە، شـوێنەکەی کاریگەریـی لەسـەر پێگـەی زانسـتیی ئـەو شـارە هەبـوو، ناوەندێکـی گرنگـی زانسـتیی و شـوێنی دەرکەوتنـی ژمارەیەکـی زۆری زانـا بـوو (السـخاوی، د.ت، ص٢٥٨؛ ئەمیـن، ٢٠١٧، ل٨١)، لەزانـا ناودارەکانـی ئـەو شـارەش، کـەماڵەکـەی خـۆی کردبـووە ناوەندێـکی گرنگـی زانسـتیی و ژمارەیەکـی زۆر لـە فێرخوازانـی زانسـت تیایـدا بـۆ خوێنـدن و بڵاوکردنـەوەی زانسـت کۆئەبوونـەوە، ماڵەکـەی زانـا و پزیشـکی نـاودار (ابـن سـینا )(م.لـە ٤٢٧ك/١٠٣٧ز)بووە(ابـن ابـی اصبیعـە، د.ت، ص٤٤١، أبـو رمضـان، ٢٠١١، ص٦٠٣)، یەکێکـی تـر لـە زانـا بەناوبانگەکانـی ئـەو شـارە، کـە ژمارەیەکـی زۆر زانـای تـر لەسـەر دەسـتی پێگەیشـتن، بریتیـی بـوو لـە (الذوهلـی ابـو الحسـن علـی الهمـداني) (م.لـە ٤٥٢ك/١٠٦٠ز) بوو(الذهبـي، ١٩٨٤، ج١٨، ص١٠٠–١٠١)، ئەمـە و(محمـد بـن عبدالملکـی بـن ابراهیـم الهمداني)(م.لـە ٥٢١ك/١١٢٧ز) لـە زانـا بەناوبانگـەکانی شـارەکە بووە(الصفـدي، ٢٠٠٠، ص٣٠)، ئـەوە سـەرباری بـوونی دامـەزراوەی ئایینیـی و زانسـتیی جۆربەجـۆر لەشـارەکەدا، کـە ناوەندێـکی گرنگـی پێشـکەوتنی زانسـت و رۆشـنبیریی بوون(یاقـوت الحمـوی، ١٩٩٥، ج٥، ص٢٢٢)، نموونەیـەکی تـری هەرێمـی چیـاکان شـاری قرمیسـین (کرماشـان)بووە، کـە یەکێکـی تـر لـەو شـارە کوردنشـینانەیە، کـە دیـاردە جوگرافییەکانـی کاریگەرییـان لـە سـەر گەشـەکردنی بزاڤـە زانسـتییەکەی هەبـووە، سـەرباری هەڵکەوتـە و سریوشـتی ناوچەکـە، ئاووهەوایەکـی پـاك و بێگـەردی هەبـووە، لـەم شـارەدا چەندیـن دامـەزراوەی زانسـتیی و رۆشـنبیریی لـە نموونـەی مزگـەوت و (ربـط) و خانەقـا و بنیادنـراون (یاقـوتی حمـوی، د.ت، ج٤، ص٣٣٠–٣٣١؛ وسـو، ٢٠١٥، ل١٠٧-١٠٨)، هەروەهـا چەندیـن زانـای بەناوبانـگ پێگەییشـتوون، هەرچۆنێـك بێـت بەگشـتیی سـەرباری هۆکارگـەلی تـر، ئەکرێـت بوترێـت کـە بەشـێکی ئـەو گۆڕانکاریـی و پێشـکەوتنە زانسـتیی و رۆشـنبیرییەی بەشـێکی زۆر لـە شـارەکانی هەرێمـی چیـاکانی گرتۆتـەوە، پەیوەندیـی بـە رەهەنـدی جوگرافییـەوە هەبـووە.

بـە هەمـان شـێوەش پێشـکەوتنی بـزاڤی زانسـتی و رۆشـنبیری زۆرێـك لەشـار و شـارۆچکەکانی هەرێمـی جزیـرەش بەشـێکی پەیوەندیـی بـە رەهەنـد و هەڵکەوتـەی جوگرافیـی هەرێمەکـەوە هەبـووە، چونکـە بـە لەبەرچاوگرتنـی سرووشـتی دەوڵەمەنـد و گونجـاوی ئاووهـەوا و هەڵکەوتەکـەی وەك ناوەنـدی بەیەکـەوە بەسـتنەوەی نـاوان ناوچـە جیـاوازەکان و چەنـد تایبەتمەندییـەکی تـر( المقـدسي، ١٩٠٦، ١٣٦)، کاریگـەری ئـەم لایەنانـە دەرئەخـەن، کـە ئەکرێ وەك نموونـە بـاس لـە چەنـد شـارێك بکرێـت، نەخاسـمە بەشـێکی دیـاری هەرێمەکـە سـەردەمێك لەژێـر سـایەی فەرمانڕەوایـی مەروانییـەکان و هـی ترشـدا بـووە، کـە سیاسـەتی ئـەوان کاریگەریـی دیـاری خـۆی هەبـووە، بایـەخ و هەڵکەوتـەی جوگرافییەکـەشی

زیاتر دەرخستووە، بۆ نموونە شاری (میافارقین) وەك مەڵبەندی فەرمانڕەوایی میرنشینی مەروانیی سەرەڕای ئەوەی ناوەندێکی سیاسیی بووە، بووە بە ناوەندێکی زانستیی گرنگ، لەهەموو لایەکەوە خوازیارانی زانست و زانایان روویان تێکردووە و تێیدا گیرساونەتەوە( الفارقي، ٢٠٠٧، ل٥٦)، شارەکانی وەك دیاربەکر(آمد) و جەزیرە ابن عمر وەك دوو شاری هەرێمەکە، کە ناوناوبانگی زۆریان هەبووە، هەڵکەوتەی جوگرافیی و ئاووهەواکەیان کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی بزاڤی زانستییان هەبووە، لە رووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە هاوسنووری وڵاتی شام و موسڵ بوون، هەروەها سەرە رێگای کاروانە بازرگانیەکانی ئازربیجان و شام بوون، لە رووی ئاووهەواشەوە مام ناوەندبوون( المقدسي، ١٩٠٦، ١٣٦؛ محمد، ٢٠١٢، ص٣٥-٣٧)، بزاڤی زانستیی لەم دوو شارەدا بزاڤێکی چالاکبووە، سەرەڕای هەبوونی چەندین دامەزراوەی زانستیی، ژمارەیەکی زۆر زانای ئایینی و زمانەوانیی و زانستە جۆربەجۆرەکانی تریان تیادا هەڵکەوتوون(ا محمد، ٢٠١٢، ص٧٠-١٧٨)، لە نموونەی دامەزراوە زانستییەکانی شاری دیاربکریش قوتابخانەکانی (نجم الدين) و (الحسامية) بوون، کە ئەوەی دووەمیان تەواوی ئامراز و پێداویستییەکانی فێربوونی بۆ دابین کرابوو (الرهاوی، ٢٠٠٩، ص١٩٧؛ رسول، ٢٠٢٠، ل٢٨٣-٢٨٤)، هەروەها ئەم شارە پەرتوکخانەیەکی گەورەی هەبووە، خاوەنی هەزاران پەرتووك بووە (ابی شامة، ١٩٩٧، ج٣، ١٤٦، ابن كثير، ١٩٨٦، ج١٢، ص٣١٣).

لە شاری جەزیرە ئیبن عمریش چەندین دامەزراوەی زانستیی و رۆشنبیریی هەبوون، سەرچاوەکان ئاماژە بە هەبوونی دوو مزگەوت و چوار قوتابخانە ئەکەن، کە ئەوانیش بریتیی بوون لە قوتابخانەکانی (البزری، ظهيرالدين قايماز الاتابكى، الرضوية، قاضی جمال الدين عبدالرحيم)، سەرباری دامەزراوەی تری ئایینی و زانستیی تر(ابن الشداد، ١٩٧٨، ج٣، ق١، ص٢١٤-٢١٥؛ ابی شامة، ١٩٩٧، ج١، ص٩٨)، )، هەر لەم شارەدا گۆشە (زاويه)یەکی زانستیی هەبووە کە شەرعزان (محمد بن علی بن مهران الخلوی أبو عبدالله) (م.لە ٥٤٦ك/١١٥١ز)، تیایدا خزمەتی زانستیی کردووە (السبكى، ١٤١٣هـ ج٦، ص١٥٩-١٦٠)، ئەوەی گرنگە سەبارەت بە شاری جەزیرە و قوتابخانەکان ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە ژمارەیەکی زۆر زانا و لە ناویاندا زانای بەناوبانگی ناو شارستانییەتی ئیسلامی ئەو سەردەمە هەبوون و خزمەتی رەوشی زانستییان کردووە (السخاوی، د.ت، ص٢٥٧؛ خوشناو، ٢٠٠٦، ص١٢٨-١٢٩) یەکێك لەو زانایانەی، کە لە لەناو دامەزراوە زانستییەکانی شاری جەزیرە خزمەتی رەوشی زانستیی و رۆشنبیریی کردووە، بریتیی بووە لە (ابراهيم بن عمر،أبو إسحاق الجزرى، المعروف بابن الزرقاء) (ابن الشعار، ج١، ص٩٩).

شاری (حصن كيفا)ش، یەکێکی تر لەو شارانە بوو، کە کەوتبووە ناوان شارەکانی دیاربکر و جزیرەی ابن عمر، هەڵکەوتە جوگرافییەکەی وای کردبوو ببێت بە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانیی، یەکێك بووە لەو شارانەی بزاڤی زانستیی تیایدا، بەتایبەت لەماوەی توێژینەوەکەدا چالاك بووە، ژمارەیەکی زۆر شاعیر و زانا و شارەزا لە بواری زانستە ئایینییەکان و زمانەوانیی و وێژە و زانستیی پزیشکیی و فەلسەفەی تیادا هەڵکەوتوون، لەو شارەدا چەندین دامەزراوەی زانستیی لە نموونەی مزگەوت و قوتابخانە هەبووە، سەرەڕای هەبوونی(زاويە)، کە زانایان تیایدا خەریکی خزمەتکردنی رەوشی زانستیی بوون (أسامة بن منقذ، د.ت، ص١٧١-١٧٢؛ بنگلی، ٢٠٠٤، ص ص٢٦، ١٦٥-١٧٣؛ قداوي، ٢٠١٥، ص ٢٠٩).

لەلایەکی ترشەوە، بەشێك لەشار و ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی جزیرە کە بابەتی توێژینەوەکەیە ناوچەی سنور(ثغور)ی ناوان خانەی ئیسلام و دەوڵەتی بیزەنتیی بوون، لەبەرئەوە شوێنی جوگرافییان وەها هەڵکەوتبوو( المقدسي، ١٩٠٦، ص١٣٦)، هەرچەندە وەك مەیدانی سەربازی و جەنگ وابوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوەندی بەیەکەوە بەستنەوە و بەیەکگەیشتنی دوو شارستانی جیاواز بوون، سەرباری لایەنی

نەرێنیان بەڵام کاریگەری ئەرێنیی خۆشیان لەسەر بزاڤی زانستیی و شارستانیی هەبووە، بەتایبەت کە بووبوون بە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی دەیان زانا و جەنگاوەرانی خۆبەخش کە بەمەبەستی جەنگی بێباوەڕان روویان لەناوچە جیاوازەکان کردووە، لەکاتی ئاشتیی و ئارامیشدا سەرقاڵی کاری خوێندن و زانستیی بوون، بوونی دەیان دامەزراوەی زانستیی و ئایینیی لە نموونەی ( رباط و زاویا و خانقا)ش سەرباری مزگەوت و ناوەندی ترش، هەڵی گەشەکردن و پێشکەوتنی لایەنی زانستیی و رۆشنبیریی لەم ناوچە سنوورییانەشدا زیاتر کردووە، چەندین زانا تیایاندا خزمەتی رەوشی زانستیی و رۆشنبیریی کردووە(السلفی، د.ت، ص٩٦؛ ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٨، ١٠٤؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج١٠، ص٤٣٧؛ المنذری، ١٩٨٤، ج٣، ص٤٢٠).

ئەوەی کە بە کورتیی لەسەر رەهەندی جوگرافیی خرایەروو، نموونەیەك بوو لە کاریگەری ئەم رەهەندە لەسەر گەشەکردنی بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی ناوچە کوردنشینەکان، کە بێگومان نموونە و رووداوەکان لەوانە زیاترن، بەڵام لەبەر پابەندبوون بە قەبارەی دیاریکراو و درێژنەبوونەوەی توێژینەوەکە بە کورتیی خراونەتە روو.

## ئەنجام

هەڵکەوتەی جوگرافیی و ئاووهەوا و بەرزیی و نزمیی و دیاردە جوگرافییەکانی تر، هەر لە کۆنەوە بگرە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کاریگەرییان لەسەر لایەنی شارستانیی مرۆڤایەتیی هەبووە، بوون بە هۆی درووستبوونی چەندین شارستانێتیی، بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریش وەك یەکێك لە گرنگترین لایەنەکانی شارستانییەت، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی جوگرافیا و دیاردە سرووشتییەکان، تەنانەت لە هەندێ قۆناغی مێژوویی و لە هەندێ ناوچەدا، ئەم رەهەندە،بوون بە هۆکارێکی گرنگ و یارمەتیدەرێکی باش بۆ بەرەو پێشچوونی شارستانییەت و بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی.

هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچە کوردنشینەکانیش، کە زۆرترین شار و شارۆچکەکانی ئەکەونە ناو هەرێمی چوارەم لەو حەوت هەرێمەی جوگرافیاناسانی سەدەکانی ناوەڕاست وڵاتانی ئیسلامییان بەسەردا دابەشکردووە، کاریگەری لەسەر گەشەکردنی بزاڤی زانستیی و رۆشنبیریی لە ناوچەکەدا هەبووە، لەلایەك پردی بەیەکگەیاندنی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئیسلامیی بووە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی لایەنی شارستانیی و بزاڤی زانستیی لە کوردستان دا هەبووە، لەلایەکی ترشەوە بەشێك لە شار و ناوچە کوردنشینەکان سەرە رێگای کاروانە بازرگانییەکان بوون، بێگومان بازرگانیش زیندوویەتیی بەم ناوچانە بەخشیووە و کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی بزاڤی زانستیی هەبووە.

بوونی هەندێك جۆری رووەکی سرووشتیی لە ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی چیاکان و جەزیرە، کاریگەریی هەبووە لەسەر لایەنی پزیشکی دەرمانسازیی لەو ناوچانەدا و وەکو چارەسەری بەشێك لە نەخۆشییەکان سوودیان لێ بینراوە، ئەمە سەرەڕای هەبوونی چەندین کانیاوی کانزایی و گەڕاو کە بۆ هەمان بوار بەکارهێنراون. هەریەك لە هەرێمی چیاکان و جەزیرە دوو لە هەرێمە کوردنشینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بوون، کە هەڵکەوتە جوگرافییەکەیان کاریگەریی هەبووە لەسەر پێشکەوتنی لایەنی زانستیی و رۆشنبیریی، چەندین شاری زیندووی لەم رووەوە تیادا هەڵکەوتوون، کە لەم شارانەدانە ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی زانستیی و رۆشنبیریی بنیادنراون و، ژمارەیەکی زۆر زانا تیایاندا خزمەتی بزاڤی زانستیی و رۆشنبیرییان کردووە.

پێشکەوتنی بزاڤی زانستییش لە ناوچە کوردنشینەکان، وەك یەکێك لە ئەنجامە گرنگەکانی هەڵکەوتەی جوگرافیی

و ئاووهـــەوا و دیـــاردە جوگرافییەکانـــی تـــر، تەنهـــا خـــۆی لـــە پێشـــکەوتنی یـــەك جـــۆر زانســـت یـــان چەنـــد زانســـتێکدا نەبینیووەتـــەوە، بەڵکـــو ئـــەم پێشـــکەوتنە زۆربـــەی زانســـتە گرنگەکانـــی ئـــەو ســـەردەمەی گرتۆتـــەوە، هـــەر لـــە زانســـتە نەقڵییەکانـــەوە بگـــرە تـــا زانســـتە ئەقڵییەکانیـــشی گرتوەتـــەوە.


## ملخص

الموقـع الجغـرافي بـكل ظواهـره الطبيعيـة (تربـة، الإرتفـاع و الإنخفـاض، النباتـات الطبيعيـة، طقـس) و هـو أحـد العوامـل التـي تؤثـر عـلى جميـع جوانـب الحضـارة الإنسـانية، أحـد تلـك الجوانـب، إنهـا حركـة علميـة و الثقافيـة، الموقـع الجغـرافي و ظواهـر الطبيعيـة للمناطـق الكرديـة في القـرون ( ٣ -٦ الهجـري / ٩ -١٢ الميـلادي )، و قـد أثـرت عـلى الحركـة العلميـة و الثقافـة في المنطقـة، و خاصـة في منطيقـين إقليـم الكرديـة مـن الجبـال و الجزيـرة. و تسـعى الدراسـة إلى الإجابـة عـلى عـدة أسـئلة مـن خـلال المنهـج الوصفـي و التحليـلي، عـلى سـبيل المثـال، كيـف يؤثـر الموقـع الجغـرافي عـلى الحـركات العلميـة و الثقافيـة؟ إلى أي مـدى كانـت الحركـة العلميـة و الثقافيـة في المناطـق الكرديـة في الجبـال و الجزيرة في القـرون( ٣ -٦ الهجـري / ٩ -١٢ الميـلادي ) و يتأثـر بالموقـع الجغـرافي و الظواهـر الطبيعيـة، مثـل المنـاخ و التربـة و الإرتفـاع و الغطـاء و النبـاتي الطبيعـي؟ و نـرى أن الموقـع الجغـرافي أثـر في تكويـن العديـد مـن الحضـارات، عـلى سـبيل المثـال الحضـارات وادي النيـل و سـومر و بابـل , كـما أثـرت عـلى سـلوك الإنسـان و جسـده و فكـره و سياسـته و كسـله و ذكاءه و دينـه وفنـه، و كان الموقـع الجغـرافي للمناطـق الكرديـة خـلال هـذه الفـترة بمثابـة جسـر بـين الـشرق الإسـلام و الغـرب و كان لذلـك أثـره في تطـور الحركـة الحضاريـة و العلميـة و الثقافيـة في منطقتـي، وجـود بعـض أنـواع النباتـات الطبيعيـة في مناطـق الكرديـة في المنطقـة الجبليـة و الجزيـرة و قـد أثـرت في علـم الطـب و الصيدلـة و اسـتخدمت في عـلاج بعـض الأمـراض، هـذا عـلى الرغـم مـن وجـود العديـد مـن الينابيـع المعدنيـة، لقـد تـم اسـتخدامها لنفـس المجـال و نظـراً لموقعهـا الجغـرافي، تتواجـد في هـذه المناطـق العديـد مـن المـدن النابضـة بالحيـاة علميـا و ثقافيـاً، وقـد إنشـاء عـدد كبـير مـن المؤسسـات العلميـة و الثقافيـة في هـذه المـدن و خـدم عـدد كبـير مـن العلـماء في مختلـف مجـالات العلـوم الحركـة العلميـة و الثقافيـة .


**الكلمات المفتاحية: منطقة السكان الاكراد، الجغرافيا، المناخ، الحركة العلمية، الثقافي.**

# The impact of geographical location on the development of scientific and cultural movements, the Kurdish resident's regions (regions of Chiakan and Jazira, during (36-H/912-A.D) for example.


## Abstract

The geographical appearance with all its natural phenomena (soil، elevation and elevation, natural vegetation، climate) is one of the factors that affect the entire aspect of human civilization and one of these aspects is the scientific and cultural movement. The appearance of geological phenomena in Kurdistan as early as (3-6H to 912-A.D) centuries ago had a great impact on scientific and cultural movements, more specifically in the regions of Chiakan and Jazira Kurdish residents. The method uses description and analysis to answer all questions and hypotheses, For instance, to what extent geography has an impact on people's scientific and

cultural development? To what distance scientific and cultural groups in the Kurdish residents regions of Chiakan and Jazira, during (36-H/912-A.D) were affected by geographical location and natural phenomena such as weather, land, and plants? We have seen that the geographical appearance left a great impact on the creation of some civilizations such as the Nile Valley, the Sumerians, and the Babylonians. It also had an impact on the morality، body، thoughts، politics، laziness، intelligence، religion and art of human beings, the geographical location of the Kurdish areas during this period was the bridge between the Islamic East and the West, and this had an impact on the development of civilization and scientific movements The presence of some natural plant species in the Kurdish areas of the Chiakan and Jazira region has had an impact on the scientific side of medicine and pharmacology and has been used as a treatment for some diseases، in addition to the presence of many mineral springs and minerals that have been used for the same purpose. Due to its geographical location, many cities have been established in terms of science and culture in these areas, in which a large number of scientific and cultural institutions have been established and a large number of scientists in different fields of science have served the scientific and cultural movement.

**Keywords: Kurdish residents region, geography, climate, scientific movement, culture.**

## سەرچاوە و ژێدەرەکان

### سەرچاوە رەسەنەکان بەزمانی عەرەبی :

ابن الاثير، أبي الحسن علي بن أبي الكرم محمد الشيباني (ت. ٦٣٠هـ/١٢٣٣م):

١٩٨٧، الكامل في التأريخ، تحقيق: ابى الفداء عبدالله القاضي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.

الادريسي، أبى عبدالله محمد بن محمد بن عبدالله بن ادريس(ت٦٥٠هـ/١٢٥٢م):

٢٠٠٢، نزهة المشتاق فى اختراق الافاق، مكتبة الثقافة الدينية.

اسامة بن منقذ، مؤيد الدولة ابو مظفر الكنانى الشيزرى (ت٥٨٤هــ/١١٨٨م):

د.ت، الاعتبار, تحقيق: فليب حتى, مكتبة الثقافة الدينية, مصر.

١٩٨٣، ديوان اسامة بن منقذ، حققه و قدم له: احمد احمد بدوي، حامد عبدالمجيد، ط٢، عالم الكتب، بيروت.

ابن أبي أصبيعة، احمد بن القاسم بن خليفة بن يونس الخزرجي(ت. ٦٦٨هـ/١٢٦٩م):

د.ت، عيون الانباء فى طبقات الاطباء, تحقيق: نزار رضا, دار مكتبة الحياة, بيروت.

الاصطخرى، أبو إسحاق ابراهيم بن محمد الفارسى (ت: ٣٤٦هـ/٩٥٧م)

٢٠٠٤، المسالك والممالك، دار صادر، بيروت.

ابن الجزرى، شمس الدين أبو الخير محمد بن محمد بن محمد(ت. ٨٣٣هـ/١٤٣٠م):

١٩٧١، غاية النهاية طبقلت القراء، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن الجوزى، جمال الدين أبو فرج عبدالرحمن بن على بن محمد (ت. ٥٩٧هـ/١٢٠٠م):

١٩٩٢، المنتظم فى تاريخ الأمم والملوك، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن حوقل، أبى القاسم بن حوقل النصيبى، (ت. ٣٦٧ هـ / ٩٧٧م) :
١٩٩٢، صورة الأرض، دار المكتبة الحياة، بيروت-لبنان.
ابن خلكان، أبي العباس أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر(ت. ٦٨١ هـ/١٢٨٢م) :
١٩٩٨، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، صفق أصوله وكتب هوامشه: يوسف على طويل، مريم قاسم طويل، ط:١، منشورات علي بيضون، دار الكتب العلمية، بيروت.
داود بن عمر الأنطاكى (ت. ١٠٠٨هـ/١٦٠٠م)
د.ت، تذكرة أولي الألباب الجامع للعجب العجاب, المكتبة الثقافية, بيروت-لبنان.
الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي (ت. ٧٤٨ هـ / ١٣٧٤م) :
١٩٨٤، سير اعلام النبلاء، حققه وتخريج احاديثه وعلق عليه: شعيب الارنؤوط، محمد نعيم العقرسوسي، ط:١، مؤسسة الرسالة، بيروت.
١٩٨٥، العبر فى خبر من غبر، حققها و ضبطها على مخطوطين: ابو هاجر محمد السعيد بن البسيونى زغلول، ط:١، دار الكتب العلمية، بيروت.
الرهاوي، متى (ت. القرن ٦هـ/١٢م):
٢٠٠٩، تاريخ متى الرهاوي (الأفرنج، الصليبيون، الأرمن), ترجمة وتعليق: محمود محمد الرويضي, عبد الرحيم مصطفى, مؤسسة الحامدة, الاردن.
السبكى، تاج الدين عبدالوهاب بن تقي الدين السبكي (ت.٧٧١هـ/١٣٦٩م):
١٤١٣ه، طبقات الشافعية الكبرى, تحقيق: محمود محمد الطناحي، عبدالفتاح محمد الحلو، ط١.
السخاوى، شمس الدين محمد بن عبدالرحمن، (ت. ٩٠٢هـ/١٤٩٦م):
د.ت، الإعلان بالتوبيخ لمن ذم التاريخ.
السلفي, صدر الدين أبو طاهر أحمد بن محمد بن أحمد بن محمد بن ابراهيم الأصبهاني (المتوفي:٥٧٦هـ/١١٨٠م):
د.ت, معجم السفر, تحقيق: عبد الله عمر البارودي, الكتبة التجارية, مكة الكرمة.
السمعانى، عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمى(ت. ٥٦٢هـ/١١٦٧م):
١٩٦٢، الانساب، ت:عبدالرحمن بن يحيى المعلمى اليمانى، مجلس دائرة المعارف العثمانية، ط١، حيدر اباد.
ابن سينا، الحسين بن عبدالله بن سينا أبو على (ت. ٤٢٨هـ/ ١٠٣٧م):
د.ت، القانون في الطب, تحقيق: محمد أمين الضناوي, د.م.
ابي شامة، أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمن بن اسماعيل(ت. ٦٦٥هـ/١٢٦٦م):
١٩٩٧، الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية, تحقيق: ابراهيم الزبيق, ط١, مؤسسة الرسالة, بيروت.
ابن شداد، عز الدين أبو عبد الله محمد بن علي بن إبراهيم (ت. ٦٨٤هـ/١٢٨٥م):
١٩٧٨، الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام و الجزيرة, تحقيق: يحيى عبارة, وزارة الثقافة, دمشق.
ابن الشعار، كمال الدين أبي البركات المبارك بن الشعار المصلي، (ت. ٦٥٤ هـ/١٢٥٦م):
٢٠٠٥، قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان، تحقيق: كامل سلمان الجبوري، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية، بيروت.
الصفدي، صلاح الدين خليل بن ايبك (ت. ٧٦٤هـ/١٣٦٣م):

٢٠٠٠، الوافي بالوفيات، تحقيق واعتناء: أحمد الأرناؤوط، تركي مصطفى، ط:١، دار الاحياء التراث العربي، بيروت.
ابن العماد الحنبلى، عبدالحى بن أحمد العكرى الدمشقى، (ت. ١٠٨٩هـ/١٦٧٩م)
د.ت، شذرات الذهب فى أخبار من ذهب، دار الكتب العلمية.
الفارقي، أحمد بن يوسف بن علي بن الازرق (المتوفي:٥٧٧ك/١١٨١م):
١٩٥٩, تاريخ الفارقي, تحقيق:بدوى عبداللطيف عوض, الهيئة العامة لشئون المطابع الاميرية, القاهرة.
ابن فضل الله العمري, أحمد بن يحيى بن فضل الله القرشي العدوي العمري شهاب الدين (المتوفى: ٧٤٩هـ/١٣٤٨م):
٢٠١٠, مسالك الابصار في ممالك الامصار, ط١, مجمع الثقافي, ابوظبي.
ابن قاضي شهبة، أبوبكر بن أحمد بن محمد بن عمر الاسري(ت. ٨٥١هـ/١٤٤٧م):
١٩٨٧، طبقات الشافعية، المحقق: عبدالعليم خان، ط:١، عالم الكتب، بيروت.
القزوينى، زكريا بن محمد محمود (ت. ٦٨٢هـ/١٢٨٣م):
د.ت، أثار البلاد و أخبار العباد، دار صادر، بيروت.
ابن كثير, عماد الدين اسماعيل بن عمر (ت.٧٧٤هـ/١٣٧٢م):
١٩٨٦، البداية والنهاية, دار الفكر, د.م.
المقدسى، أبو عبدالله محمد بن أحمد (ت. ٣٨٧ هـ/ ٩٩٧م) :
١٩٠٦، أحسن التقاسيم فى معرفة الأقاليم، ط:٢، مطبعة بريل، ليدن.
المنذرى، زكى الدين أبو محمد(. ٦٥٦هـ/١٢٥٨م):
١٩٨٤، التكملة لوفيات النقلة، ت:بشار عواد معروف، ط٣، مؤسسة الرسالة، بيروت.
ياقوتى الحموي، شهاب الدين أبي عبدالله ياقوت بن عبدالله(ت.٦٢٦هـ/١٢٢٩م):
د.ت، معجم البلدان، ط٢، دار صادر، بيروت.

**بەکوردی:**

ئيبن خلدون، عبدالرحمن (م.لە. ٨٠٨ك/ ١٤٠٦ز):
٢٠١٦، موقەدیمەی ابن خلدون، و: سەعید بەشیر، چ١، چا: گەنج، سلێمانی.
مۆنتسکیۆ (١٦٨٩_١٧٥٥ز):
ب.س.چ ، رۆحی یاساکان، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، چ٢، چا: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
ژێدەرەكان بەزمانی عربی:
بنگلی، سیپان حسن علی، ٢٠٠٤، حصن كيفا فى القرنين السادس و السابع الهجري/ الثانى عشر والثالث عشر الميلادي، دراسة فى تاريخها السياسي والحضاري، حصن كيفا دراسة في تاريخها السياسي والحضاري(١٢٠٠- ١٣٠٠م)، دار سپيرێز، دهوك.
حمدان، جمال، د.ت، جغرافية المدن، طبعة الثانية، عالم الكتب، القاهرة.
خوشناو، سلام حسن، ٢٠٠٦، جزيرة ابن عمر (بوتان) فى القرنين السادس والسابع الهجريين، الثانى عشر والثالث عشر الميلاديين)، ط١، اربل.
الداودي، رمضان شريف، ٢٠١٠، لورستان الكبرى (٥٥٠-٨٢٧ك/١١٥٥-١٤٢٤م) دراسة في احوالها السياسية والحضارية، ط١، مطبعة خاني، دهوك.

أبو رمضان، ممدوح محمد حسن، ٢٠١١، اقليم الجبال خلال العهدين البويهى والسلجوقى الأول، ط١، الاسكندرية.
الشمري، عماد مطير، ٢٠١٣، الفكر الجغرافي المنابع والأصول والمستقبل المأمول، ط:١، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان-أردن.
عبدالله الشيخ، عبدالرحمن، د.ت، المدخل إلى علم التأريخ، دار الحرية، الرياضى.
عثمان، حسن، ١٩٦٤، منهج البحث التأريخى، ط٨، دار المعارف، القاهرة.
قداوي، علاء محمود، ٢٠١٥، الموصل والجزيرة الفراتية في عهد دولة المغوا الالخانية ٦٥٦-٧٣٥هـ/١٢٥٨-١٣٣٥م)، دار غيداء، د.م.
محمد، اكو برهان، ٢٠١٢، الحياه العلمية في دياربكر في العصر العباسي، الاكاديمية الكوردية، اربيل.
موسى، علي، العمادي، محمد، ١٩٨٠، فلسفة الجغرافية، مكتب الأنوار، دمشق.
الهيتي، صبري فارس، ٢٠٠٥، الفكر الجغرافي نشأته ومناهجه،ط١، دارصفاء للنشروالتوزيع، عمان.
يوسف, عبد الرقيب, ٢٠٠١, الدولة الدوستكية, ط٢, ئاراس, اربيل.
به كوردى :
ئەمین، ئاواز جەمال، ٢٠١٧، ڕێبازی شافیعی لە کوردستان لە هاتنی سەلجوقیەکانەوە تا کۆتایی خەلافەتی عەباسی(٤٤٧-٦٥٦ك/١٠٥٥-١٢٥٨ز)، و:ڕەمەزان حەمەدەمین، چ١، چا:چوارچرا.
ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوڵ، ٢٠٠٤، عەزیز شەریف، ئەنترۆپۆلۆژیا، چ١، چا: ڕەنج.
بەهرامی نیا، ئومێد، ٢٠٠٩، مێژووی کوردانی جزیرە ٤٤٧_٦٥٦ك، و:عبدالرحيم معرفتى، چ١، تيشك، سلێمانی.
تۆفیق، زرار صدیق، ٢٠١٣، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامدا، چ١، چا: ڕۆژهەڵات، هەولێر.
تۆفیق، زرار صدیق، ٢٠١٥، کۆمەڵگای کوردەواری لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، چا:ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ئەلحەسەن، ئیحسان محمد، ٢٠١٨، ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتیی، و: دانا مەلا حەسەن، چ١، چا: ئەندێشە، سلێمانی.
خۆشناو، حەکیم أحمد، ٢٠١٤، کورد و کوردستان لەدیدی گەڕیدە و وڵاتناسی موسوڵمان (٢٣٢ك - ٦٢٦ك/ ٨٤٦ز - ١٢٢٩ز)، و: شوکر سلێمان، چ: ١، چا: موکریان، هەولێر.
دیورانت، ویل، ٢٠٠٨، وانەکانی مێژوو، و: پێشڕەو حسێن، سۆران عبدالله نەقشبەندی، چ١، چا: پیرەمێرد.
ئەلزەیدی، موفید، ٢٠١٥، سەرەتایەك لە فەلسەفەی مێژوو، و: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، چ:١، هزر ، هەولێر.
ڕەئووف، هاوڕێ مەلا، ٢٠١٢، شوێنی جوگرافی، چ:١، کتێبخانەی هەورامان.
زەکی، محمد أمين، ٢٠٠٣، خلاصة تأريخ كورد كوردستان، ت: محمد على عونى، بيروت.
شکوئی، حوسێن، ٢٠٠٩، جوگرافیا و فەلسەفەی جوگرافیا، و:ئاسۆ عبدالرحمن، چ ١، چا: گەنج، سلێمانی.
عەبدولرەحیم، تاریق محمد، ٢٠٠٨، ڤلادمێر ف. مینۆڕسکی و نوسینەکانی لەبارەی کورد لە سەردەمی ئیسلامەتی تا سەرهەڵدانی خەلافەتی عوسمانی، و: عوبێد صاڵح، چا: وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر.
محمد، کامەران، ٢٠١٢، برۆدێل و گۆتاری مێژوویی، چا: بینایی، سلێمانی.
محمد، کامەران، ٢٠١٥، لەناوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا دیمانەیەك بۆ تێگەیشتنی مێژوو، چ١، چا:یاد، سلێمانی.
مەحمود لخەلیل، ئەحمەد، ٢٠١٠، مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامیدا، و: زرار علی، چ١، چا:پەیوەند، سلێمانی.
ئەلمەلاح، هاشم یەحیا، ٢٠١١، دەروازەیەك لە فەلسەفەی مێژوو، و: دەوەن حەسەن، چ:١، چا: ڕۆژهەڵات، هەولیر.
هەروتی، مەهدی عوسمان، ب.س.چ، نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان لە سەدەکانی (٦-٨ك/١٢-١٤ز)، چا:

ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.
یاســین، هەمــزە کاکەمیــن، ٢٠١٣، حلــوان لەســەردەمی خەلافەتــی عەباســی تاڕووخانــی میرنشــینی عەننــازی، (١٣٢ – ٥١١ك/ ٧٥٠ – ١١١٧ز)، چــا: حاجــی هاشــم، هەولێــر.

**نامەی ماستەر:**

حســین، حســین عبدالرحمــن، ٢٠٠٩-٢٠١٠، کۆچــی کــوردان بــۆ وڵاتــی شــام و میــسر لەســەدەکانی (٦_٧ك/١٢_١٣ز) لێکۆڵینەوەیەکــی مێژووییــە لــە ڕەهەنــد و لێکەوتەکانــی، نامــەی ماستەر_پێشــکەش بــە کۆلێــژی زانســتە مرۆڤایەتیەکانــی ڕانیە-زانکــۆی کۆیــە کــراوە، بــڵاو نەکــراوە.
سـعید، امـیرە سـعدی، ٢٠١٥، کـورد و ڕێبـازی سـۆفیگەری لەسـەدەی ٦_٧ / ١٢_١٣ زاییـنیـدا، نامـەی ماسـتەر، بەشـی مێـژوو، کۆلێــژی ئــاداب، زانکــۆی ســەلاحەددین، بڵاونەکــراوە.
وســو، کارزان ســیامەند، ٢٠١٥، قرمیســین (کرمانشــاە) لەســەردەمی خەلافەتــی عەبباســی (١٣٢-٥٩١ك/٧٥٠-١١٩٤ز)، نامــەی ماجســتێر، بڵاونەکــراوە، زانکــۆی ســەلاحەددین.
گۆڤار:
حسێن، سـامان، ٢٠٠٩، ڕۆڵـی تۆبۆگرافیـا لـە ئاڕاسـتەکردنی ڕەووتـی مێـژوو لای ڤەرنـان پرۆدیـل، کـۆچ، وەرزە گۆڤارێکـی ڕووناکییــە، ژ: ١١ – ١٢، ب.ش.چ.
حســین، محســن محمــد، العــزاوی، عبدالرحمــن حســین، ٢٠١٠، ڕۆڵــی جوگرافیــا وەك کەرەســتەیەکی جیۆپۆلەتیــك لــە ئەفراندنــی ڕووداو و مێــژوو و شارســتانیەت، و: اومیــد ابراهیــم محمــد، مێــژوو (گۆڤارێکــی مێژوویــی وەرزییــە، کۆمەڵــەی ڕۆشــنبیریی مێژوویــی کوردســتان دەریــدەکات، ژ: ١٤، چــا: گۆڤــار، هەولێــر.
محمـد، ئاکـۆ بورهـان، ٢٠٠٨، تیۆریـە جوگرافیاکانـی سـەرهەڵدانی شارسـتانیەت، مێـژوو، گۆڤارێکـی مێژوویـی وەرزیـە، ژ: ٧، چــا: ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.
محمــد، ئاکــۆ بورهــان، ٢٠١٢، فەلســەفەی مێــژوو لای ابــن خلــدون، مێــژوو، گۆڤارێکــی مێژوویــی وەرزیــە، کۆمەڵگــەی ڕۆشــنبیریی مێــژووی کوردســتان دەریــدەکات، ژ:٢٤٠، چا:ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.
نەشـار، مسـتەفا، ٢٠٠٩، لـە مێژووەوە بـۆ فەلسـەفەی مێـژوو، و: سـەباح عبدالکریـم, کـۆچ، وەرزە گۆڤارێکـی ڕووناکبیریـە، ژ: ١١ – ١٢، ب.ش.چ.